

# کۆڕەو
# لە یادی چارەکە سەدەیەک بە سەر بڕیاری ٦٨٨ دا



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەنووسێت
asidiq1962@yahoo.com

هەروەك (ساموئێل کریمەر) لە کتێبی (مێژوو لە سۆمەرەوە دەستی پێکرد) نزیکەی (٢٧) رووداوی ژماردووە کە تیایدا عێراق یەکەم شوێن بووە لەو ڕووداوانەدا لە سەر ئاستی جیهان، بۆیە دەگوترێت کە عێراق - وێڕای خاوەن سەروەرێتی یاسایی و ئەندامێتی لە نەتەوە یەککگرتووەکاندا - یەکەم وڵات بووە کە ئەنجومەنی ئاسایش بە بڕیاری ٦٨٨ لە ١٩٩١/٤/٥دا بڕیار بدات دەست بخاتە نێو کاروباری نێوخۆییەوە بۆ پاراستنی گەلی عێراق بە گشتی و کورد بەتایبەتی.
ئەم بڕیارە لە کاتی خۆیدا مشتومڕێکی زۆری نایەوە لە سەر ئاستی جیهان بەتایبەت لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کە لەلایەن رژێمی دیکتاتۆرییەوە بەڕێوەدەبران. هەر بۆیە وڵاتانێکی ئەندام لە ئەنجومەنی ئاسایش لە دژی ئەم بڕیارە دەنگیان دا وەك (یەمەن و کوبا و زیمبابۆی).
گرنگیی ئەم بڕیارە لە زۆر خاڵدا بوو لەوانە:

**● یەکەم: بۆ کوردستان**

١. ئەم بڕیارە بووە هۆی دیارکردنی ناوچەی ئارام لە سەرووی هێڵی ٣٦ بۆ هەرێمی کوردستان و پاراستنی گەلەکەی لە رژێمی سەددام.

٢. ئەم بڕیارە بوو بە هۆکارێکی یاریدەدەر بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ بۆ پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و زۆربەی دەستکەوتەکانی دواتریش.

**● دووەم: بۆ عێراق**

١. ئەم بڕیارە بووە هۆی دەرچوواندنی بڕیاری کۆنگرێسی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٦ لە ژێر ناوی (رزگارکردنی عێراق).

٢. یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی بۆ رووخاندنی رژێمی سەددام.

**● سێیەم: لەسەر ئاستی جیهان**

١. یەکەمجار بوو کە بنەمای دەستێوەردانی مرۆیی پەسەند کرا لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانێکی خاوەن سیستمی ستەمکار.

٢. لە حوزەیرانی ١٩٩١ رێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی واژۆکرا بۆ پێدانی مافی دستێوەردانی مرۆیی بۆ راگرتنی ئەو ستەمکارییانەی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و یاسا نێودەوڵەتییەکان دەکرێت لە هەر وڵاتێکدا.

٣. لە کانوونی یەکەمی ١٩٩١ نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێکی پەسەند کرد کە رێگەی دەدا بە نەتەوە



یەکگرتووەکان بۆ یارمەتیدانی هەر دەوڵەتێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیی ناوچەیی و جیهانی لەسەر داوای هەر دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری.

بۆیە لە هزری ئێمەدا کۆڕەو و بڕیاری ٦٨٨ تا ئێستاش پێکەوە دێنە باسکردن، چونکە کۆڕەو هۆکاری دەرچوواندنی ئەم بڕیارە گرنگە بوو.

کۆڕەو وێڕای ئەوەی کارەساتێکی مرۆیی بوو، لە هەمان کاتیشدا جووڵەیەکی بەکۆمەڵی و گشتی و سەرتاسەریی نەتەوەیەك بوو کە زۆر مانا و ئاماژەی گەورەی تێدا بوو، لەوانە:

یەکەم: کۆڕەو خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی زوڵم و ستەم بوو لەلایەن گەلێکەوە کە ئامادە نەبوو لە ژێر دەستی ڕژێمێکی کۆکوژدا درێژە بە ژیان بدات.

دووەم: لە کۆڕەودا لە نێوان دووانەی نان و ئازادیدا، گەلی کوردستان ئازادی هەڵبژارد، چوونە دەرەوەیشی خۆدەربازکردن بوو لە کۆت و بەندی دەسەڵاتێکی دژ بە ئازادی.

سێیەم: کۆڕەو ریفراندۆمێکی سەرتاسەری و میللی بوو کە تیایدا گەلی کوردستان بە شێوازێکی نوێ واقیعێکی دەیان ساڵەی سەپێنراوی ڕەتکردەوە، لە هەمان کاتیشدا داوایەکی خۆڕسکانەش بوو بۆ دیارکردنی مافی چارەنووسی خۆی.

زۆرن ئەو هەنگاوانەی کە پێویستن لە دوای کۆڕەوی بەهاری ساڵی ١٩٩١ بگیرێنەبەر، لەوانەش:

یەکەم: ئاگادارکردنەوەی بەردەوامی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو ڕاستییەی کە بە زۆر پێکەوەلکاندنی گەلان پرۆسەیەکی کارەساتهێنە و گەلانی ئازادیخواز دەکاتە قوربانیی دەستی ستەمکاران.

دووەم: زیندووکردنەوەی کێشەی لەمێژینەی گەلەکەمان و بەدەمەوەهاتنی زلهێزان بە لای دۆزی کوردەوە وەك دۆزێکی سیاسیی ڕەوای گەلێك کە شایانی مافێکی سیاسی باشتر بێت لەوەی ئێستای.

سێیەم: دابینکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان و پێدانی هەلی ئەنجامدانی ریفراندۆم.

چوارەم: مافی هەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ گەلی کوردستان، ئەو گەلەی کە بە کردەوە ئاشتی و پێکەوەژیانی سیاسی و ئایینی بەرجەستە کردووە وەك جوانترین نموونە لەم ناوچەیەدا.

# حکومەتی تەکنۆکراتی عەبادی گەمەیەکی سیاسیی دیکەی مەزهەبگەرایی



د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*
بۆ گوڵانی نووسیوە

لەگەڵ فراوانبوونی بازنەی نارەزاییەکان و چوونە ناو قۆناغێکی تازەوە، هێزە میللییەکان کەوتنە بەردەم بزاوتێکی سیاسیی جیاوازەوە و بە شێوەیەك لەوە نزیك بووەوە وەك بڵێی جەماوەر دەیەوێت بەشداری لە راپەڕینێکی سەرتاسەریدا بکات دژی دواکەوتن و پەراوێزخستن و ئەو مانۆڕەی حکومەتی بەغدا بە فەلسەفە و پشتیوانیی هێزە تایفەگەرەکان کە تەنیا گەندەڵی و تاوانەکان بەرهەم دێنێت، دواتر گۆڕەپانەکە بۆ هێزەکانی تیرۆر بەجێ دێڵێت کە گاڵتە بە چارەنووسی عێراقییەکان و هەلومەرجی ژیانیان بکەن، بۆیە لە سایەی ئەو قەیرانەی کە خەریکە لە شێوەی راپەڕینێکی گۆڕانکار دەتەقێتەوە، وەڵامی زۆربەی هێزەکان لە شێوەکانیاندا جیاواز دەردەکەون.

یەکەم شێوەی جیاوازیی ئەمە لە رەفتاری پەرۆشیی ئەو لایەنەدا دیاردەبێت لە رووی بەکارهێنانی میکانیزمەکانی گۆڕانکاری، ئەوانە هەموویان باس لە بەگەڕخستنی تەکنۆکراتی بێلایەنە لە کابینەی تازە بە بەڕێوەبردنی هەمان کەسایەتی و هەمان لایەنی حزبی دەکەن! ئەمە لە سەر ئاستی کار و ئەدای حکوومی، بەڵام لە سەر ئاستی سیاسی و حزبی ئەوا ململانێی تایفەگەری بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێ چ بە پلاندانانی پێشوەختە و رێککەوتنی نەنووسراوی نێوان هێزە تایفەگەرەکان کە رۆڵەکان لە بەڕێوەبردنی چارەنووسی گەل و وڵات ئاڵوگۆڕ دەکەن، یان بە ململانێ لەسەر دابەشکردنەوەی کێکەکە، هەروەها سیستەمی پشکایەتی بە شێوەیەکی تازەی دابەشکردنەوە بەپێی ئەو ریزبەندییە پەیڕەو بکەن

کە کێ لە پێشەوەی سیناریۆکەوە دێت لە باڵەکانی تایفەگەری و حزبایەتی و سەرکردەکان و بەگوێرەی ئەنجامەکانی ململانێی نێوان باڵەکانی رەوتی ئیسلامی سیاسی و فەلسەفە تایفەگەرییەکەی.

گەمەی گۆڕینی دەموچاوەکان لەناو هەموو کوتلەکان و پشکەکانیان لە حوکمی (دەستکەوت) بە تەواویی ئاشکرابووە و هەموو تواناکانیش روون بوونەوە کە تەنیا بۆ گاڵتەکردن و پێکەنینە بەو خەڵکە گومڕایە، بۆیە دەبینین رێژەی نارەزایان لەو جەماوەرە فراوانتر بوو کە راستییەکەیان بۆ دەرکەوت لە گەمەی گۆڕینی دەموچاوەکان کە بەردەوام فێڵیان لێ دەکرێت و تاڵان دەکرێن بۆ مەرامی ئایینی و بەرژەوەندییەکانی تایفەگەری دەقۆزرێنەوە. لەبەر رۆشنایی ریسوابوونی گەمەی گۆڕانکارییەکان لە ناو کوتلە و حزبە تایفەگەرییەکاندا ئەم جارە روویان لە گەمەیەکی تازە کرد، ئەویش گوایە هێنانی تەکنۆکراتە وەك ئەلتەرناتیف و چارەسەری قەیرانەکە.

بەڵام، ئایا تەکنۆکرات و تەنانەت بێلایەنیی حزبیش چی پێ دەکرێت بۆ چارەسەریی قەیرانەکە، ئەگەر فەلسەفەی حوکمڕانی و میکانیزمەکانی لە ژێر دەستی هەمان سیاسەتی تایفەگەری و سەرچاوەکانیدا بێت؟ چارەسەری ئەو کێشەیە لەوەدا نییە کە کەسانی بەتواناو بێلایەن بێنیت، بەڵکو لەوەدایە کە کەشوهەوای کارکردنی ئازادی بۆ برەخسێنیت، بە شێوەیەك نەکەوێتە ژێر باری فەلسەفە، یان هەر میکانیزمێکەوە کە لە ژێر کۆنترۆڵی سیستەمی تایفەگەریدا بێت، بە واتای ئەوەی کە هێزگەلی بژاردەی تازە بە دوو شت پاڵپشتیی بکرێن:

یەکەم: ئینتیما بۆ بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ ئەو ئینتیمایەدا.

دووەمیان: بەکارخستنی بەرنامەکانی کوالیتیی تازە کە لە رووی جەوهەرییەوە جیاواز بن لە بەرنامەکانی تایفەگەری و بێهوودەیی کە وەك پیلان داڕێژرابن و تاوان و مەینەتیی زۆری لێ بەرهەم بێت، مەبەست لێرەدا هەردوو باڵی گەندەڵی و تیرۆرە کە گەندەڵکارە تیرۆریستانیان لەپشتەوەیە. بۆیە هەر ئەمەیە کە لەسەر ئاستی حکوومی و کارلێکی حزبیدا دزە دەکات، بەڵام کارەکە لەم ئاستەدا ناوەستێت، بەڵکو درێژە دەکێشێت بۆ ئەو رێکخستن و میلیشیایانەی کە ئەو حزبانە پشتیان پێ دەبەستن تاکو بێن هەموو هێز و توانایان پیشان بدەن.

یەکەم دیاردەی ئەو کێشەیە لەوەدایە کە کەسایەتییەکان لە لوتکەی گەندەڵی و گەندەڵکارانەوە دێنە خوارەوە و لە ژێر پەردەی جیاواز و بەناوی ئەم رێکخراو و ئەو لایەنە بەشداریی جەماوەرەکە دەکەن و گوتار و قسەی قەبە دەکەن و خەڵکەکە گومڕا دەکەن و فریویان دەدەن، بۆیە ئەگەر بەشداریکردنی خەڵکە هەژارەکە بە بزووتنەوە، یان بە رەوت بێت، کە بێن و لەگەڵ خەڵکی نارازی و تووڕە تێکەڵ بن کە داوای رەوایان بەرز کردۆتەوە، ئەوا من دەڵێم کە ئەگەر ئەو بەشداریکردنە پەسند بێت لەبەر ئەوەی گوزارشت لە راستی و ناسنامەی ئەو هەژارانە و داواکانیان دەکات، ئەوا کارەکە زۆر جیاوازە لەوەی کە بۆ خۆدەرهێنان و گومڕایی کردن و گەوجاندن بێت، وەك ئەو بەشداریکردنەی کە چەند کەسێکی ناسراوی گەندەڵکار ئەنجامیان دا، ئەوە بوو کە بوونیان لە نێو خۆپیشاندانەکان لە رێی ئەو میلیشیایانەوە بوو کە پاسەوانیان بوون و ئینتیمای حزبی و تایفەگەرییان قۆستبۆوە، ئەوەش بە راستی مایەی نیگەرانی و دڵتەنگیی خەڵکەکە و ئەو خۆپیشاندەرە داماوانە بوو.

بوونی ئەو هەموو هەژارانە لەو خۆپیشاندانە نارەزاییانەدا بە جیاوازیی ئینتیماکانیان تەنانەت ئەوانەی کەوتبوونە داوی بزووتنەوە تایفەگەرییەکانیشەوە شتێکی ئاسایی بوو، چونکە ئەوان خاوەنی بەرژەوەندیی راستەقینە بوون لەو خۆپیشاندانانە و تینووی ئازادی و سەندنەوەی مافەکانیان بوون لەو تاقمە گەندەڵکارو میلیشیایانەی تیرۆرو تایفەگەری، بە واتای ئەوەی کە مەرج نییە رۆڵی ئەو گەلە هەژار و داماوە بەشداری نەکات، هاوکات مەرجی روون و بە دەنگی بەرز بگوترێت نابێ سەرانی ئەو تاقمە تایفەگەرانە بەشداربن کە دواتر ئەو خەڵکە بەلارێدا دەبەن و سەرلەنوێ نائومێدو مایەپووچی دەکەن.

ئەوەی پێویستە ئاگاداری بین بە ئاشکرا ئەوەیە کە نەبادا یەکێك لە خۆپیشاندەران بۆ ساتەچرکەیەکیش پێیوا بێت کە بوونی یەکێك لە لایەنەکانی هێزە تایفەگەرییەکان لەگەڵیدا لە گۆڕەپانەکە، مانای وایە کە ئەو گورگە دەبێتە مەڕێکی لاواز، لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو بەرگەی پۆشیوە کە ئەو پۆشیویەتی، ئەوە هێزی تایفەگەریە کە گەمەی خۆی کردووەو رۆژێك لە رۆژان بەبەرگێکی مەدەنییەوە باڵێکی تایفەگەری هێناوەتە ئەو شوێنە و دەوڵەت و کوتلەکەی بە یاسا وەسفکردووەو لە جیاتی عەمامەو دیشداشە بەرگی مەدەنیان کردۆتەبەر، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمڕانیی تایفەگەری جارێکی دیکە بە هەمان فەلسەفەی تایفەگەریی گەڕاوەتەوە، بۆیە دەبێ بیر لە هەشت ساڵی رابردووی ئەو دەوڵەت و ئەو یاسایە بکرێتەوە.

ئایا دەتانەوێت گەمەی سێیەم دووبارەبێتەوە، تا باڵی

**با بڕیاری راست و دروست بدەین بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی کردنی بەرەو عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵی**

**لەنێوان ئەو دوو فشارەی گەمەی تایفەگەری و باڵەکانیدا پێویستە بژاردەیەکی بەهێزتر دەستنیشان بکەین و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین**

**وەهمی هێزێکی باڵەکانی تایفەگەری و دەسەڵاتی چەکداری هەر چۆنێک بێت، بەڵام گەل بەهێزترە و لە واقیعی عێراقدا ئێمە نزیک بووینەتەوە لە شۆڕشێک، یان راپەرینێکی میللییانەی سەرتاسەری کە هەموو پیسێتیی تایفەگەری رادەماڵێت**

یەکەم و دووەم حەکیمیانە، یان مالیکییانە بێنە دەرەوە و حوکمڕانیی تایفەگەری دووبارە بکەنەوەو ڕۆڵی سێیەمی پێ ببەخشن، دوای ئەوەی لە هەردوو خولی یەکەم و دووەم سەرنەکەوت، تەنانەت خراپترین کارەسات و مەینەتی بەسەر عێراقییەکاندا هێنا بە هەموو وێرانی و کاولکارییەوە؟

ئەمڕۆ باڵێك دەبینین کە بەدرێژایی ئەو چەند ساڵە بێ بەرهەمە وەك بەردێکی سێکوچکەی ئەو بەڵایەیە کە لە ئەنجامی حوکمڕانیی ئەوان وڵاتی گرتۆتەوە، دەبینین ئەم باڵە دێتە ناو خۆپیشاندانەکان، دیارە ئەوەش لەبەر چاوی ڕەشی خۆپیشاندەران نییە، بەڵکو بۆ دزینی بەری ڕەنجی ئەو ناڕەزاییانەیە و مەبەستیش زیاتر بەرهەمهێنانەوەی ئەو سیستەمەیە کە خۆپیشاندانەکان دەیانەوێت بیگۆڕن. بوونی سەرکردایەتیی ئەو باڵە کە یەکێکە لە باڵەکانی تایفەگەری و تەنانەت دابەزینی وەزیرەکان و گەندەڵکارەکانیان بۆ گۆڕەپانی خۆپیشاندانەکان بریتییە لە گەمەیەکی تێکەڵکردنی کارتەکان و کێشانەوەی جەماوەرەکەیە تاکو بیخاتە ژێر باڵی یەکێك لەو ڕەوتانەی کە هەر خۆی هۆکاری ئەو کارەساتانەیە. ئەو تێکەڵبوونە ڕەنگە بگۆڕێت بۆ گەردەلوولێکی بەهێزی ناڕەزاییی میللی و هەڵگرتنی دروشمی نیشتمانیی مەدەنی کە داوای دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بکات و بگرە داواکردن بە لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە تاکو زیاتر ورەو هێزی گەل دابڕمێنێت و نەهێڵێت بگەنە لوتکەی سەرکەوتن.

لەنێوان بەرپەرچدانەوەی هەوڵەکانی دزەکردن و چەواشەکردن بە هۆی تێکەڵکردنی کارتەکان و لە نێوان قایلبوون بە بەشداریکردنی جەماوەر لە چالاکییەکانی ناڕەزایی دەربڕیندا چەندین دەرفەت هەیە بۆ ئەگەری تێکەوتن لەو چاڵەی وەهمدا کە ڕەنگە گورگ ئەگەر بیەوێت، خۆی بکات بە مەڕ، کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە گوایە داکۆکی لە مافی خەڵك دەکرێت و لە بەرژەوەندیی ئەواندایە . لەبەر ئەم هۆیە پێویستە لەسەرمان بەر لەوە و دواتریش کە وریا بین لە گێڕانەوەی بەرهەمهێنانی هەمان سیستەم کە گەل لەپەنایدا باجە گرانەکە بدات، بە گوتارێك کە سووکایەتیکردن و تۆمەت بەخشینەوەی تێدا نەبێت، پێویستە دڵنیابین لەوەی کە ئەرکی ئێمە دیار و چەسپاوە و لە ڕاکێشانی خەڵك بە هەموو توێژ و پێکهاتەکانیەوە بەرجەستە دەبێت، بە شێوەیەك کە دەبێت بەشداریکردنی خۆپیشاندانەکان بە یەك پرەنسیب و دروشمی نیشتمانی بێت کە داواکردن بە دەوڵەتێکی مەدەنی بەو میکانیزمانەی کە دیار و بەرچاون.

لە چوارچێوەی ئەو چالاکییانەدا پێویستە هەموو جۆرێکی فرەیی پەسند بکەین لە چارەسەرکردندا لە ڕوانگەی ئەوەی کە بڕوامان هەیە بە یەکێتیی ئەو پرسە لە چوارچێوەی نیشتمانیدا و بەو ئەلتەرناتیڤەی کە مەبەستی هێنانەدی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە، ئەمەش دەرفەتی دیالۆگی دیموکراسی و دوورکەوتنەوە لە تاکڕەویی دەڕەخسێنێت، هەروەها دەرفەتگەلێکی ڕاهێنانی شۆڕشگێڕانە دێنێتە ئاراوە بۆ گۆڕینی سەرتاسەری و کۆتاییهێنان بە سێ کوچکەی تاوان کە بریتین لە (تایفەگەری و گەندەڵی و تیرۆر)، لە چوارچێوەی ئەو واقیعەشدا ناکرێ ئەو هەڵچوونە لە ڕادەبەدەرە قبووڵ بکرێت کە مەبەست ڕاستکردنەوەی هەندێ ڕەوتی تایفەگەرییە، هەروەها درێژدادڕی لە جیاکردنەوەی ئەم لە ئەو، بە شێوەیەك بخرێتە خانەی دژ بە تایفەگەری و میکانیزمەکانی، دیارە بە تەواویش مەبەستم ئەو ڕەوتەیە کە لە دواهەینی ڕۆژی ٤ ئادار خۆپیشاندانی سازکرد، چونکە هەموو باڵێکی تایفەگەری خۆی لە خۆیدا لە هێزی سەرەوەدایە و هەندێ کەس چەواشەدەکات و گوتاری ئایینی دەقۆزێتەوە تاکو کۆنترۆڵی خودی ئەو کۆمەڵە کەسە بکات. بزاڤەکانی تایفەگەری هیچ جەماوەرێکی ڕاستەقینەیان نییە، بۆیە ئێمە دەبێت چاك ڕیسوایان بکەین و ناسنامەکانیان بۆ ئەو جەماوەرە ئاشکرادەکەین کە بە چەواشەکردنەکانیان گیریان خواردووە.

بۆیە ئەوەی تایفەگەرەکان هەڵدەسەنگێنێت کە بریتین لە بزاڤێك، یان ڕەوتێکی نێو کۆمەڵگە و دەستنیشانی دەکات و بەوە لێکیان دەکاتەوە کە ئینتیمایان هەیە بۆ توێژە هەژارەکان، ئەو کەسە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بەشدارە لە برەودان بەو ژیانە بە گوتاری تایفەگەری و سەپاندنی دەسەڵات بەسەر خودی توێژەکانی ئەو خەڵکەدا. چونکە خەڵکانێکی زۆر لە سایەی ئەو ڕژێمە سەرکوتکارو ستەمکارە هاتوونەتە ریز ئەو هێزانە لە هەلومەرجێکی سەختی ژیاندا بۆ ئەوەی کاریان بەڕێوە بچێت لە دەرەوەی هۆشیاریی چارەسەرەکانی کۆمەڵگە، لەکاتێکدا پێویستە کاربکرێت بۆ ڕزگارکردنی ئەو توێژانە لە زەبروزەنگی چەواشەکردن و گوتاری ئەفسانەیی و لۆژیکی تایفەگەری و هزرە بەسەرچووە تێکدەرەکان.

هیوادارم چالاکوانانی ئەو گۆڕەپانانە پەلە نەکەن لە خۆخزاندنە نێو کارکردن بەو هزرە سیاسییە و وەرگرتنی دەرهاویشتە و ئەنجامەکان کە پێوەندیی بە هیچ تیۆر و پڕۆگرامێکی دروستەوە نییە، لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە ڕێگەیان لێبگیرێت کە هیچ ڕۆڵێك نەگێڕن لە

**پێویستە سوود لەو ڕاستییانە وەربگیرێت کە چی دیکە وەک خوێندنەوەی تیۆر سەیر ناکرێت، بەڵکو سەرئەنجامی پراکتیکییە و ڕەنگە ببێتە کارەسات بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە پاساوی جیاوازیی جەوهەریی نێوان ئەو باڵ و ئەو باڵی ئیسلامی سیاسی لەخشتەبەرن**

**هیوادارم چالاکوانانی ئەو گۆڕەپانانە پەلە نەکەن لە خۆخزاندنە نێو کارکردن بەو هزرە سیاسییە و وەرگرتنی دەرهاویشتە و ئەنجامەکان کە پێوەندیی بە هیچ تیۆر و پڕۆگرامێکی دروستەوە نییە**

**هەموو باڵێکی تایفەگەری خۆی لە خۆیدا لە هێزی سەرەوەدایە و هەندێ کەس چەواشەدەکات و گوتاری ئایینی دەقۆزێتەوە تاکو کۆنترۆڵی خودی ئەو کۆمەڵە کەسە بکات. بزاڤەکانی تایفەگەری هیچ جەماوەرێکی ڕاستەقینەیان نییە، بۆیە ئێمە دەبێت چاك ڕیسوایان بکەین و ناسنامەکانیان بۆ ئەو جەماوەرە ئاشکرادەکەین کە بە چەواشەکردنەکانیان گیریان خواردووە**

تیۆرکاریی هزریی سیاسی، بەڵام ئەو رۆڵە زۆر بە شێنەیی و لە رێگەی دیالۆگی بەهێز پیادە بکەن.

لێرەدا ئاماژە بە هەندێ بیروبۆچوون دەدەم کە بەم دواییە خوێندوومەتەوە. راستە قسەدەکەین دەربارەی تایبەتمەندیی هەر ئەزموونێك و هەلومەرجی ئەو ئەزموونە، بەڵام ئەوەش راستە کە لە میانی خوێندنەوەی چەندین ئەزموون و دیارکردنی هاوبەش و جیاوازییەکانیان دەمانگەیەنێتە هەندێ ئەندامی بەسود.

لەبەر ئەوە ئەزموونی بەرەکانی سیاسی لەوەتەی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا هەتا نەوەدەکانیش دەبنە رۆشنایییەکی گرنك بۆ ئەوەی جارێکی دیکە خەڵك نەخەنەوە ژێر باری نەرێنییەکانی ئەو جۆرە بەرانە، بەڵام نەك نادیدەگرتنی هەندێ لایەنی ئەرێنی ئەو بەرانە، هاوکات سەبارەت بە ئەزموونگەلی شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شێوازی پێوەندییەکانی نێوان رەوتە مەدەنی و ئیسلامییەکان، لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە لە ئەنجامی مامەڵەی رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی هاتەئاراوە ئەویش بە فێڵکردن و دزینی شۆڕش و ئەو کەسانەی کە بە ناوی شۆڕشەوە لەسەر شانی ئەو خەڵکە و شۆڕشەکانیان گەیشتنە دەسەڵات، کە دواتر هەموویان بەرەو کاولکارییەکی سەرتاسەری برد، بۆیە پێویستە سوود لەو راستییانە وەربگیرێت کە چی دیکە وەك خوێندنەوەی تیۆر سەیر ناکرێت، بەڵکو سەرئەنجامی پراکتیکییە و رەنگە ببێتە کارەسات بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە پاساوی جیاوازیی جەوهەریی نێوان ئەو باڵ و ئەو باڵی ئیسلامی سیاسی لەخشتەبەرن. بۆیە لێرەدا سوورم لەسەر ئەوەی کە یەکەم کارەساتی رادەستکردنی بەری رەنجی ئەو ناڕەزاییە میللییانەی ئەمڕۆ ئەوەیە کە گوێڕایەلی کردنە بۆ هەر جۆرێکی هاوپەیمانی، یان هەماهەنگیی راستەوخۆ و بەستنی پێوەندی لەگەڵ سەرانی لایەنی هەر باڵێکی تایفەگەری، بەوەی کە پێیوابێت ئەوەیان جیاوازە لەگەڵ هەر باڵێکی دیکەی تایفەگەری، هەروەك چۆن هەندێك وەسفی رەوتی سەدر دەکەن کە رەوتێکی کۆمەڵگەییە.

وەهمی هێزێکی باڵەکانی تایفەگەری و دەسەڵاتی چەکداری هەر چۆنێك بێت، بەڵام گەل بەهێزترە و لە واقیعی عێراقدا ئێمە نزیك بووینەتەوە لە شۆڕشێك، یان راپەڕینێکی میللییانەی سەرتاسەری کە هەموو پیسێتیی تایفەگەری رادەماڵێت و خەڵکەکەش ئازاد دەبێت. بەپێچەوانەوەش هەموو بەری رەنجی ئەو ناڕەزاییانە لەدەست دەدەین ئەگەر هاتوو ئەو راپەڕینەمان دواخست بە هەموو ئینتیما و پێکهاتەکانی سیاسیی گەلەوە، ئەو کاتە هەر ئەو گەندەڵکار و تایفەگەرانە لەسەر سەری ئەو خەڵکە زیاتر پەرە بە تاوان و گەندەڵییەکانیان دەدەن.

ئێمەی مەدەنی پێویستیمان بەو کەسانە نییە بێنە نێو خەڵکەوە، چونکە ئەو گەندەڵکار و تایفەگەرانە دەیانەوێت خەڵکەکە و گردبوونەوە میلییەکەیان بەلاڕێدا بەرن، بۆیە نابێ ئەمە بەسەریاندا تێپەڕێت.

بەڵێ رازین کە ئەوانە بێن بۆ پشتیوانیی هەژاران و لەگەڵیاندا هەمان هوتافی نیشتمانی و مەدەنی دەکێشین، بەڵام دەستمان ناخەینە ناو دەستی هیچ باڵێکی تایفەگەری.

هەزار سڵاو لە جەماوەری هەژار و بێبەش و ستەمدیدە کە دەگەڕێنەوە باوەشی نیشتمان و ناو ناسنامەی بزاڤی میللیی مەدەنی، بەڵام نارازین بە بوونی تایفەگەر و گەندەڵکاران و قبوڵ ناکەین ئەوانە بێنە ناومانەوە، واتا رێگەیان پێ نادەین کارتەکان تێکەڵ بکەن و هاوکاریش نابین بۆ هیچ گوتارێکی چەواشەکارانە، بۆیە هەر چەند تواناکانی کۆکردنەوەی خەڵك لەلایەن سەرانی رەوتی ئیسلام بەهێز بێت لە حەکیم و مالیکی و سەدر و ئەوانەشی کە لە فەلسەفەی ئیسلامی سیاسی بە باڵی بەرامبەر لە نوجێفی و جبوری بەشدارییان دەکەن و خەڵکە ساویلکەکە چەواشە دەکەن، بێگومان تا هەتاهەتایە نامێننەوە وەك دیلی چەواشەکاری و پارە و سیاسەت و مافیاکان و میلیشیاو دەسەڵات و هێزەکانیان، ئەوانەی کە لە ئەنجامی دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و لاوازیی دەوڵەت و خراپ بەڕێوەبردنی گەیشتنە ئەو پلەو پایانە.


لەنێوان ئەو دوو فشارەی گەمەی تایفەگەری و باڵەکانیدا پێویستە بژاردەیەکی بەهێزتر دەستنیشان بکەین و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین، من کە لێرە ئەم وشانە دەنووسم سڵاو دەنێرم بۆ بزاڤی میللیی مەدەنی بە هەموو پێکهاتە نیشتمانییەکەیەوە، ئەو کەسە جیا ناکەمەوە کە باوەڕی هەیە بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بە پاروەنانی پاکی هەژاران و بە ئەمن و سەقامگیری و و کەرامەتی میللەت، هەروەها سڵاو و خوێندنەوەم هیچ دەرفەتێك ناگرێتەوە کە مەبەست رێگەدان بێت بە بەرهەمهێنانەوەی تایفەگەری، بۆیە با بڕیاری راست و دروست بدەین بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی کردەنی بەرەو عێراقێکی دیموکراسی و فیدراڵی.

*** سەرۆکی زانکۆی ئیبن روشد لە هۆڵەندا**

**ئایا دەتانەوێت گەمەی سێیەم دووبارەبێتەوە، تا باڵی یەکەم و دووەم حەکیمیانە، یان مالیکییانە بێنە دەرەوە و حوکمڕانیی تایفەگەری دووبارە بکەنەوەو رۆڵی سێیەمی پێ ببەخشن، دوای ئەوەی لە هەردوو خولی یەکەم و دووەم سەرنەکەوت، تەنانەت خراپترین کارەسات و مەینەتی بەسەر عێراقییەکاندا هێنا بە هەموو وێرانی و کاولکارییەوە؟**

**گەمەی گۆڕینی دەموچاوەکان لەناو هەموو کوتلەکان و پشکەکانیان لە حوکمی (دەستکەوت) بە تەواویی ئاشکرابووە و هەموو تواناکانیش روون بوونەوە کە تەنیا بۆ گاڵتەکردن و پێکەنینە بەو خەڵکە گومڕایە**

**ئایا تەکنۆکرات و تەنانەت بێلایەنیی حزبیش چی پێ دەکرێت بۆ چارەسەریی قەیرانەکە، ئەگەر فەلسەفەی حوکمڕانی و میکانیزمەکانی لە ژێر دەستی هەمان سیاسەتی تایفەگەری و سەرچاوەکانیدا بێت؟**



## عوسمان ئۆجالان لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# سەرکردایەتیی ئێستای پەکەکە لە خەتی ئۆجالان دوورکەوتوونەتەوە و ئەو شەڕەشی دەیکەن بۆ بەرژەوەندیی تاران و بەغدا و دیمەشقە نەک بۆ بزاڤی نەتەوەیی کورد

■

لەم بارودۆخە هەستیار و ئاڵۆزەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پێدا تێدەپەڕێت، بۆ یەکەمین جارە لە مێژوودا هەلێکی زێڕین بۆ کورد هاتۆتەپێشەوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لە پارچەیەکدا رابگەیەنێت، بەڵام ئەم فرسەتەش کە بۆ کورد هەڵکەوتووە، بەدەر نییە لە هەڕەشە و تەحەددای دەرەکی و ناوخۆیی، بۆیە یەکریزیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و دوورکەوتنەوە لە شەڕی بەوەکالەتی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەتی داگیرکاری کوردستان، زامنی سەرەکی سەرکەوتنی پرۆسەی سەربەخۆییە، لەناو ئەم بارودۆخە گۆڕدراو و ئاڵۆزەدا، هێزێکی وەك پەکەکە هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار بۆ ئەوەی ژینگەی لەباری سیاسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە باکوور و هەلی سەربەخۆیی لە باشووری کوردستان تێکبدات، لەمەش خراپتر بۆتە بەشێك لەو میحوەرەی کە ئێران دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بە پشتگیری دیمەشق و بەغدا سەرۆکایەتی دەکات. ئاراستەی هەوڵەکانی پەکەکە گەیشتۆتە ئەوەی بە ئاشکرا بارودۆخەکە کە لە بەرژەوەندیی کوردە لە هەموو کوردستاندا، تێکبدات.

بۆ خوێندنەوەی ڕەوشی ئێستا و ئەو هەوڵانەی پەکەکە بۆ تێکدانی بارودۆخەکە دەیدات، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ سیاسەتوان عوسمان ئۆجالان ئەنجام دا و بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.



*** کوردستان بە شێوەیەکی گشتی بە گۆڕانکارییەکی بەردەوام و خێرادا تێدەپەڕێت، ئەم گۆڕانکارییە هەر چوار پارچەی کوردستانی گرتۆتەوە، ئایا چۆن سەیری ئەم گۆڕانکارییە بەردەوام و خێرایانە دەکەیت؟**

- ڕەوشی ئێستای گۆڕانکارییەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان تێکەڵە و وەك یەك نییە، بۆیە دەبێت هەر پارچەیەك بە جیاواز قسەی لەسەر بکەین. سەبارەت بە باشووری کوردستان، ئێستا زەمینەیەکی لەبار بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەیە و هەموو هاووڵاتیانی کوردستانیش ئومێدێکی گەورەیان لا دروست بووە، سەبارەت بە ڕۆژئاوای کوردستان هەوڵێك دراوە بۆ فیدراسیۆنی باکووری سووریا، ئەمەش وێڕای ئەو کەموکوڕییەی لە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی پەیەدە لە ڕۆژئاوا هەیە، دیسان هەنگاوێکی باشە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی کوردی تێدا بەرجەستە دەبێت، کەموکوڕیی گەورەی پەیەدە لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەوەیە کە ڕێگرە لەوەی هەموو لایەنە سیاسییەکان وەك پێویست لە دەسەڵات بەشدار بن. پێشتر سەرۆك بارزانی لە میانەی ڕێککەوتنی هەولێر ١ و ٢، هەروەها ڕێککەوتنی دهۆك، لایەنەکانی ڕۆژئاوای کۆکردەوە و ڕێککەوتن لە نێوانیاندا ئیمزا کرا، بەڵام پێدەچێ پەیەدە دەیانەوێت بە تەنیا خۆیان لە دەسەڵاتدا بن و لایەنەکانی دیکە وەك پەراوێز بوونیان هەبێت، بۆیە گرنگە ئەم لایەنە لەبەر چاو بگیرێت و لایەنەکانی دیکەش ئەگەر بە فیفتی بە فیفتیش نەبێت، بەشداری بکەن و جێگەی خۆیان لە گۆڕەپانی سیاسیی ڕۆژئاوا بکەنەوە، بەڵام دیسان وێڕای ئەم کەموکورتییانەش هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ دۆزی کورد. سەبارەت بە باکووری کوردستانیش، وەك دەبینین شەڕێکی فراوانی تێدا هاتۆتەئاراوە، ئەو شەڕە گورزێك بوو بەر بزاڤی نەتەوەییمان کەوت و ئازاری دا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باکوور ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەیی ئێمەیە، تێکچوونی بارودۆخی سوور و جەزیرە بۆ بزاڤی نەتەوەییمان گران ڕادەوەستێت، ئەمەش بەرەنجامی سیاسەتی پەکەکەیە، بەداخەوە پەکەکە لەم شەڕەدا بەرژەوەندی هێزی دەرەکی لەبەرچاو گرت، بۆیە ئەم شەڕە بە هیچ جۆرێك لە بەرژەوەندی کورد نەبوو، لەلایەکی دیکەوە من ئەم شەڕە بە گرێدراوی پیلانێکی نێودەوڵەتی لە سەر بزاڤی نەتەوەیی کورد دەزانم، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەو شەڕە چەندین مەترسی لە باکوور دروستکردووە کە بە زیان بۆ کورد دەشکێتەوە. سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، دیارە ئێستا ئەو پارچەیە بێدەنگە، بەڵام پێویستە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات خۆیان ئامادە بکەن و چالاك بن، بەتایبەتیش لەم ساڵەدا کە هەڵبژاردنی ئەمریکا دەکرێت و سەرۆکی ئەمریکا دێتەگۆڕین. بە بۆچوونی من لەم هەڵبژاردنەدا دۆناڵد ترامب دەبێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا و ئەویش وەك لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان ئاماژەی پێکردووە، ئەگەر ببێتە سەرۆکی ئەمریکا ڕێککەوتنەکە لەگەڵ ئێران هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دژی ئێران دەبێت و سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە دەبێت هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش خۆیان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ئامادەبکەن، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەرەوپێشەوەچوونێك هەیە، هەلەکان بۆ کورد لە هەموو کات زیاترن، بەتایبەتیش بۆ باشووری کوردستان، بۆیە هیوادارم لایەنە سیاسییەکانی باشوور وەك ساڵی ٢٠١٥ کێشە دروست نەکەن و هەموو یەکبگرن بۆ ئەوەی سەری ساڵی داهاتوو ببێتە سەری ساڵی کورد و سەربەخۆیی کوردستان.

*** بەڵام وەك دەیبینین سەرکردایەتیی عەسکەری پەکەکە لە قەندیل بەرنامەی وڵاتانی دیکە جێبەجێ دەکات و هەوڵدەدات لە هەر چوار پارچەی کوردستان کێشە و ئاستەنگ دروست بکات، ئایا دەبێت نیازی سەرکردایەتیی عەسکەری پەکەکە چی بێت؟**

- کاتێك بەڕێز عەبدوڵا ئۆجالان سەرکردایەتی پەکەکەی دەکرد، پەکەکە لەگەڵ هەموو لایەنێك وتووێژ و پێوەندی هەبوو، واتە خەتی سەربەخۆی پەکەکەی دەپاراست بۆ ئەوەی نەبێتە هێزێك کە پاشکۆی هیچ لایەنێك بێت، بەڵام دوای ئەوەی ئۆجالان دەستگیرکرا، لە سەرکردایەتی پەکەکە هەموو ئەو پرسیارەیان دەکرد، ئایا پەکەکە بکەوێتە بن باندۆری چ هێزێك؟ لە هەمانکاتدا هەندێك هێزی هەرێمیش پێشوەختە پیلانیان لەسەر پەکەکە دارشتبوو، هەر بۆ نموونە رووسیا ئامادە نەبوو ئۆجالان بپارێزێت، بەڵام دوای ئەوەی دەستگیر کرا، رووسیا هەندێك گروپی ناردە لای پەکەکە،

**به هەموو شێوەیەک پشتگیریی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی باشووری کوردستان دەکەم و خۆم بە پێشمەرگەیەکی سەرۆک بارزانی دەزانم**

**عەبدوڵا ئۆجالان وتی: پێویستە ماڵباتی بارزانی وەک ماڵباتی پادشا لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی سەیر بکرێت و لە بڕیاری ستراتیژی و چارەنووسساز رۆڵی خۆیان هەبێت، ئاپۆ گوتوویەتی دوژمنایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەکەکە لە دۆستایەتی زۆر لایەنی دیکە باشترە**

**سەرۆک بارزانی بۆ ئازادکردنی ئاپۆ هەوڵی جددی داوە و هەوڵەکانی بەردەوامن، ئەگەر ئاپۆ ئازاد بکرێت، ژینگەی سیاسیی باکوور دەگۆڕێت، خەباتی سیاسی و پرۆسەی ئاشتی بە هەنگاوی گەورە دەچنە پێشەوە**

ئەو گرووپانە هاتبوون پەکەکە هانبدەن بۆ ئەوەی شەڕێکی ناوخۆیی لە تورکیا هەڵبگیرسێنێت، ئێرانیش بە ڕێگەیەکی دیکە دەیویست هەژموونی خۆی بەسەر پەکەکەدا زاڵ بکات، سووریاش دەیویست بە ڕێگەی جەمیل بایك پەکەکە بەکار بهێنێت، من دژی ئەم پیلانانە بووم، بۆیە ئێران و سووریا رایانگەیاند ئێمە عوسمان ئۆجالان-مان ناوێت بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ پەکەکە، بۆیە هەردوو وڵاتی سووریا و ئێران بڕیاریان دا جەمیل بایك بە ناوی پەکەکەوە قسەیان لەگەڵدا بکات، هەر بۆیە دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بە سەر زیندانیکردنی ئاپۆ، دوو کەس هاتنە قەندیل کە یەکێکیان عومەرێ وەسێ بوو، کە ئێستا لە پەرلەمانی سووریا پەرلەمانتارە، ئەوی دیکەشیان بە ناوی مەروان زەرکی کە بە ئاغا ناویان دەبرد، لە قەندیل راپۆرتێکیان لەسەر پەکەکە ئامادە کردو پاشان گەڕانەوە بۆ سووریا و داویان کرد ئێمە بچینە سووریا لەبەر ئەوەی پەکەکە لە سووریا هەوادار و لایەنگری زۆر بوو، بۆ ئەمەش سووریا بێجگە لە جەمیل بایك بە کەسی دیکە قایل نەدەبوو، جەمیل بایك دوای زیندانیکردنی ئۆجالان هەندێك پێوەندی لەگەڵ سووریا دروستکردبوو، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ عێراقیش هاتوچۆی هەبوو.

*** ئایا دوای زیندانیکردنی ئۆجالان سەردانی ئێرانت نەکرد، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پێوەندییەکانی پەکەکە و ئێران ڕێکبخەیتەوە؟**

- دوو ڕۆژ دوای دەستگیرکردنی ئاپۆ سەردانی ئێرانم کرد، لەوێ بانگەوازێکم بۆ هەموو کورد راگەیاند و داوام لێکردن راپەڕین بکەن و هەرچییان پێدەکرێت بیکەن بۆ ئەوەی گیانی ئۆجالان بپارێزرێت، خۆشبەختانە کوردان بەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتن، لە باکووری کوردستان خەڵك راپەڕی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە مەهابادەوە تا ئیلام خەڵك راپەڕی، بەڵام ئێران دوای دوو ڕۆژ بانگی منی کرد و پێی راگەیاندم، یان بانگەواز دەکەیت بۆ ئەوەی راپەڕینەکە خامۆش ببێتەوە، یان دەبێت دەستبەجێ ئێران بەجێبهێڵیت، ئەو کاتەی ئێران داوای کرد دەربچم، ٢٠ی شوباتی ١٩٩٩ بوو، بۆیە ناچار بووم ڕۆژی ٢١ی شوبات ئێران بەجێ بهێڵم و رووبکەمە مەزرەکانی باشووری کوردستان، دیارە ئەو کاتە ناوەڕاستی زستان بوو، بەفر و رەهێڵەیەکی زۆر هەبوو، بەو ڕۆژە سەختە ئێمەیان لە وڵاتی خۆیان دەرکرد، پێشتریش کە هێشتا ئۆجالان دەستگیر نەکرابوو، دیسان داوام لە ئێران کرد کە بە ڕێگەی شاخەکانی ئەرمەنستان ئاپۆ بە ناو ئێراندا بگوازینەوە بۆ چیاکانی کوردستان، بەڵام ئێران ئەمەی رەتکردەوە و رازی نەبوو، لەمەوە بۆمان دەرکەوت ئێران دژی شەخسی منە، بۆیە دوای ئەم دوو رووداوە بڕیارم دا دانوستاندن لەگەڵ ئێران نەکەم، دواتریش ئێران جەمیل بایکی هەڵبژارد و پێوەندی لەگەڵ پەکەکە گرێدا، بۆیە جەمیل بایك هەم بووە دۆستی ئێران و هەم دۆستی سووریاش.

*** ئایا داخوازیی ئێران و سووریا چی بوو لەسەر پەکەکە کە ڕەتت دەکردەوە؟**

- ئێران و سووریا و هەروەها عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن لەسەر ئاستی هەرێمی و رووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی داخوازییان لەسەر پەکەکە ئەوە بوو شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان کورد و تورك لە ناو تورکیا هەڵبگیرسێنێت، ئەم شەڕە دەستی پێکرد، بەڵام بەڕێز ئۆجالان لە زیندانەوە ڕێنمایی بۆ پەکەکە دەرکرد، ئەم شەڕە رابگرن، ئەوکات من لە قەندیل بووم، موراد قەرەیلان لە ئەورووپا بوو، جەمیل بایك لە سووریا بوو، بۆیە لە قەندیل بە ئەمری واقیع بڕیار لای من بوو، منیش شەڕەکەم راگرت، بەڵام قەرەیلان و بایك دەیانویست شەڕەکە بەردەوام بێت و ئەو پیلانەی ئێستا جێبەجێی دەکەن لە ساڵی ١٩٩٩ جێبەجێیان بکردایە، لەمەشدا بە ئاشکرا خواستی ئەو دەوڵەتانە ئاشکرا بوو، ئێران ڕێگەی دابوو گەنجێکی زۆری ڕۆژهەڵات پێوەندی بە پەکەکەوە بکەن، زیاتر لە ٢٠٠٠ گەنجی ڕۆژئاوا ببوونە چەکداری پەکەکە و سووریا بێدەنگ بوو، بۆیە ئەو کات ئێران و سووریا دەیانویست شەڕێکی ناوخۆ لە تورکیا دروست بکەن، بەڵام ئاپۆ نەدەبووە داردەستی هیچ لایەك بۆیە داوای کرد شەڕەکە رابگیرێت و منیش شەڕەکەم راگرت، ئێمە ئەو کات نەمانهێشت ئەو شەڕەی ئێستا روودەدات، با سەیر بکەین لە ماوەی چەند مانگی رابردوو تەنیا لە جزیرێ زیاتر لە ٨٥٠ گەنجی کورد کوژراون، لە سوور زیاتر لە ٤٠٠-٥٠٠ گەنجی کورد کوژراون، ئەرۆدگان رایگەیاندووە لە ماوەی ئەم ٦-٧ مانگەی شەڕ زیاتر لە ٥٠٠٠ کورد کوژراون و لە هێزی تورکیش نزیکەی ٣٥٠ کەس کوژراون، با لێرەوە بەراوردێك لە نێوان ئەو کاتە بکەین کە عەبدوڵا ئۆجالان سەرۆکایەتی پەکەکەی دەکرد، پەکەکە

**دەبێت هەموو لایەک بزانن، لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ئەم بزاڤە دەستی پێکردووە و هەر لەسەر ئەم بزاڤەش لە سێدارە دراوە، پاشان لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی ئەم بزاڤە فراوان بووە، ئەویش هەموو تەمەنی خۆی کردە قوربانی ئەم بزاڤە، لە ئێستاشدا ئەم بزاڤە کە سەرۆک بارزانی ڕێبەرایەتی دەکات، کاتی ئەوە هاتووە دواخاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت، کە ئەویش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە**

**سەرۆک بارزانی لەم سەردانەی دوایی خۆی بۆ تورکیا داوای لێکرا ئاپۆ لە زیندان ببینیت، بەڵام سەرۆک بارزانی گوتبووی من ناچم سەرکردەیەکی کورد لە زینداندا ببینم و شوێنی سەرکردەی کورد زیندان نییە، بەڵکو سەر مێزی دانوستاندنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە**

بە ١٠ساڵیش ئەوەندە شەهیدی نەداوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو زیانەی پەکەکە لە ماوەی چەند مانگێکدا داویەتی، بارتەقای ١٠ ساڵ خەباتی چەکداری پەکەکە بووە، ئەمەش ئازاری بزاڤی نەتەوەیی کوردی داوە، بەتایبەتیش لە باکوور کە ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەییمانە، ئەم شەڕە خەباتی ٣٠ ساڵی پەکەکەی لە باکوور لاواز کردووە، بۆیە داوا دەکەم ئەم شەڕەی ئێستا پەکەکە لە باکوور دەیکات، لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت، دەبێت پرسیار بکەین، ئایا ئەم شەڕە بەرفراوانە بۆ بەرژەوەندی کوردە، یان بۆ بەرژەوەندی هێز و لایەنی دیکەیە؟ من پێموایە ئەم شەڕەی ئێستا پەکەکە دەیکات، ئەو شەڕانە نین کە ئاپۆ سەرکردایەتی دەکرد، شێوازی ئاپۆ ئەوە بوو نابێت کە شەڕێك دەکەیت، ئەو شەڕە بدۆڕێنیت، بۆیە ئەم شەڕە بە شێوازی شەڕەکانی ئۆجالان نییە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی ئێستای پەکەکە لە قەندیل وازیان لە خەتی ئۆجالان هێناوە؟**

- دەتوانم بڵێم سەرکردایەتی ئێستای پەکەکە لە قەندیل لە فەلسەفەی ئاپۆ دوور کەوتوونەتەوە، من زۆر جار ئەو رەخنەیەم ئاراستەی سەرکردایەتی پەکەکە کردووە، تازە موراد قەرەیلان ئەو رەخنەیە قبووڵ دەکات، هەر بۆیە ئەم شەڕەی ئێستا پەکەکە دەیکات شێوازی ئاپۆ نییە، لەبەر ئەوەی باش دەزانم شێوەی ئەم شەڕە وەك شەڕی ئاپۆ نییە، لای ئاپۆ لەسەر بنەمای هەڕە، یان مەڕە شەڕ ناکرێت، ئەوەی ئێستا سەرکردایەتی قەندیل دەیکات، جۆرێکە لە قوماربازی، کە لە فەلسەفەی ئاپۆدا بەوجۆرە شەڕ ناکرێت، ئەگەر ئاپۆ بیزانیایە لە شەڕێکدا دەشکێت، ئەو شەڕەی نەدەکرد، ئاپۆ دەیویست کورد خەباتێك بکات کە تێکنەشکێت.

*** بەڵام ئەوەی ئێستا وەك واقیع دەیبینین، ئەوەیە کە پەکەکە نەك هەر لە باکوور، بەڵکو دەیەوێت خەباتی باشووریش تێکبشکێنێت، بەنیازە ئاژاوە لە باشوور دروست بکات، بە ئاشکرا لە شنگال دەڵێت من فەرمان لە حەشدی شەعبی وەردەگرم، نەك لە هەرێمی کوردستان، ئایا مەبەستی پەکەکە لەم تێکدانە چییە؟**

- شەڕی ئێستای پەکەکە بۆ بەرژەوەندی کورد نییە، راستە پەکەکە بەشداری شەڕی دژی داعشی کردووە، بەتایبەتی لە رۆژئاوای کوردستان و هەروەها لە باشووریش، ئەمە جێگەی دەستخۆشییە، بەڵام دەستتێوەردانی پەکەکە لە باشووری کوردستان کارێکی خراپە و رەوا نییە. با ئەم پرسیارە لە پەکەکە بکەین، ئایا رۆڵی باشووری کوردستان بۆ شۆڕشی باکوور چی بووە؟ بێگومان هەموومان دەزانین باشووری کوردستان چیاکانی باشووری پێشکەشی پەکەکە کرد و بە هەموو شێوەیەك هاوکاری پەکەکەی کردووە، بۆیە راشکاوانە دەڵێم ئەگەر چیاکانی باشووری کوردستان نەبوونایە، لە باکوور شۆڕش پێش نەدەکەوت، بۆیە ئەگەر باکوور ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەیی بێت، ئەوا باشوور چاوی ناوەندی ئەو بزاڤە نەتەوەییە، راستە هەندێك جار پرسگری لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پەکەکە هەبووە، بەڵام بۆ مێژوو دەیڵێم لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم رێککەوتنی پەکەکە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، ئەمەش واتە هێزەکانی باشوور پشتگیری شۆڕشی باکووریان کردووە، هەروەها پشتگیری باشوور بۆ تەواوی شۆڕشەکان لە باکوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیش لەبەرچاوە. پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی هاوکاری شۆڕشی هەموو پارچەکانی کوردستانیان کردووە، بۆیە زۆر گرنگە هەموو هێزەکانی کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ باشووری کوردستان بکەن و نابێت رێگە بدرێت ئەم ئەزموونە تێکبچێت، نابێت رێگە بدرێت هێزێکی کوردی لە باشوور کێشە دروست بکات، هەر بۆیە ئەگەر پەکەکە بیانووی ئەوەیە لە کەرکووك و شنگال بەشداری شەڕی کردووە، ئەوا پێی دەڵێن: دەستخۆش، بەڵام نابێت لە باشوور کێشە دروست بکەیت، تۆ هاتوویت هاوکاری باشوور بکەیت، خۆ نەهاتوویت بۆ ئەوەی لە باشوور بێیتە دەسەڵات. ئەگەر پەکەکە دەیەوێت لە باشوور ببێتە دەسەڵات، ئەمە دروست نییە. ئێستا بارودۆخێك لە باشوور هاتۆتە ئاراوە هەموو دەوڵەتانی جیهان کونسوڵخانەی خۆیان لە هەولێر کردۆتەوە، ئابووری کوردستان بەرەو ئابوورییەکی سەربەخۆ هەنگاو هەڵدەگرێت و وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانوستاندنی ئابووری دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە لە چەندین لاوە بناخەیەکی پتەو بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزراوە، ئەمەش دەیکاتە پێویستییەك بۆ ئەوەی هەموو هێزەکانی کوردستان پشتگیری بکەن، نەك کێشەی بۆ دروست بکرێت، بەڵام بەداخەوە پەکەکە لە گەرمیان و سلێمانی و دەڤەری راپەڕین داوای دەسەڵات دەکات.

**سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا دژی ئێران دەبێت و سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بۆیە دەبێت هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتیش خۆیان بۆ ئەم گۆڕانکارییانە ئامادەبکەن**

**هەڵەکان بۆ کورد لە هەموو کات زیاترن، بەتایبەتیش بۆ باشووری کوردستان، بۆیە هیوادارم لایەنە سیاسییەکانی باشوور وەک ساڵی ٢٠١٥ کێشە دروست نەکەن و هەموو یەکبگرن بۆ ئەوەی سەری ساڵی داهاتوو ببێتە سەری ساڵی کورد و سەربەخۆیی کوردستان**

**دوو رۆژ دوای دەستگیرکردنی ئاپۆ سەردانی ئێرانم کرد، لەوێ بانگەوازێکم بۆ هەموو کورد راگەیاند و داوام لێکردن راپەڕین بکەن و هەرچییان پێدەکرێت بیکەن بۆ ئەوەی گیانی ئۆجالان بپارێزرێت، خۆشبەختانە کوردان بەدەنگ بانگەوازەکەوە هاتن، لە باکووری کوردستان خەڵک راپەڕی و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە مەهابادەوە تا ئیلام خەڵک راپەڕی**

*** راشکاوانە پەکەکە داوای کانتۆن دەکات، ئایا پەکەکە بە چ نیازێك کانتۆن لە باشوور دروست دەکات؟ ئایا ئەمەی بۆ دەچێتەسەر؟**

- پەکەکە دەیەوێت باشوور داگیر بکات، بۆ ئەمەش زۆر هەوڵیداوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باشووری کوردستان وەك بەشەکانی دیکەی کوردستان نییە و قەت چۆڵ نەبووە، باشوور ناوەندی خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بووە، هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هەتا ئێستا شۆڕش لە باشوور بەردەوام بووە، ئەگەر چەندساڵێکیش بێدەنگ بووبێت، بەڵام دواتر هەر بەردەوام بووە، لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەر یەکەیان بە جۆرێك لەم ناوەندە شۆڕشگێڕییە جێگەی خۆیان گرتووە. ئێستا پەکەکە گەیشتۆتە ئەو راستییە ئەوەی لە بەشەکانی دیکە بۆی چووەتەسەر لە باشوور بۆی ناچێتەسەر، بۆیە پەنای بۆ عێراق و حەشدی شەعبی بردووە و رایگەیاندووە کە گرێدراوی ئەوان دەبن. لەم چوارچێوەیەدا ئێمە دەخوازین هەر ولاتپارێزێك لە هەر شوێنێك بێت، پشتگیری دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکات، ئەوەی پەکەکە بە گرێدراوی عێراق هەوڵی دروستکردنی کانتۆن دەدات، ئەوە دژی بەرژەوەندی نەتەوەییە.

*** ئایا دەتوانین بڵێین پەکەکە لە میحوەری تاران و بەغدا و شام، بەوەکالەت شەڕ بۆ ئەو سێ لایەنە دەکات؟**

- وەك پێشتر گوتم لەسەر ئاستی هەرێمی بە سەرۆکایەتی ئێران و بە پشتگیری بەغدا و شام، هەروەها لە سەر ئاستی نیودەوڵەتی بە پشتگیری رووسیا، پەکەکە شەڕی بەوەکالەت دەکات، پەکەکە گرێدراوی ئەو رێککەوتنەیە کە بەرژەوەندییەکانی شام و بەغدا و تاران و مۆسکۆ پێکەوە گرێدەداتەوە، ئێران لە باشووری لوبنان حزبولڵای هەیە، لە باکوور پەکەکەی هەیە، لە باشووری کوردستان هەندێك هێز بە هاوپەیمانی لەگەڵ پەکەکە هەڵدەسووڕێنێت، بۆیە راشکاوانە دەڵێم ئەوانەی لەگەڵ پەکەکەن لەبەرەیەکی دیکەدان و بەرەکەی دیکەش کە ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان و خەباتی سیاسی و ئاشیخوازانەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی دەکات، دەبووایە ئەم بەرە سەربەخۆییخوازە لە چەند ساڵی رابردوودا خەباتێکی فرەلایەنی بەرپابکردایە، هەوڵیبدایە بزاڤی سیاسی لە باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوای کوردستان پێشبخات، راستە هەنگاوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان زۆر گرنگن، بەڵام دەبووایە لە هەموو پارچەکان خەباتی خۆی فراوانتر بکردایە، دەبووایە لانیکەم پارتی دیموکراتی کوردستان تەلەفزیۆنێکی بۆ باکوور دابمەزراندایە بۆ ئەوەی بزاڤی سیاسی پێش بخات و باشتر زەمینەی چارەسەری سیاسی لە باکوور دروست بکات و خەتێکی دیموکراتییانەی پێش بخستایە بۆ ئەوەی خەڵك پشتگیری لە چارەسەری سیاسی بکات، نەك شەڕ، بەڵام بەداخەوە ئەوە دروست نەبوو، خەڵکی باکووریش بێجگە لە پەکەکە ئەلتەرناتیڤی دیکەی نییە، حکومەتی تورکیاش بە هەمان شێوەی پەکەکە کاردانەوەی هەیە، کاتێك پەکەکە شەڕی دەست پێکرد، حکومەتی تورکیاش پێشوازی لێکرد و رایگەیاند بە شەڕ ئەم پرسە یەکلایی دەکەینەوە، بەڵام تورکیا دەبێت ئەوە بزانێت بە شەڕکردن لەگەڵ پەکەکە، هێزی تازەی سیاسی لە باکوور دروست نابێت، هەتا هێزێکی سیاسیش وەك ئەلتەرناتیڤ لە باکوور دروست نەبێت، ئاراستەی سەربازی پەکەکە لاواز نابێت.

*** بەڵام هەر ئەم سیاسەتە هەڵەیەی پەکەکە وایکرد، هەدەپە لە هەڵبژاردنی دووەمی تورکیا ٢٠ کورسی پەرلەمانی لەدەست بدات، ئایا ئەمەش گورزێك نەبوو بۆ بزاڤی سیاسی لە باکوور؟**

- هەدەپە هێزێکی سیاسیی سەربەخۆ نییە و لە سەر زەمینەی پەکەکە پێش دەکەوێت، بۆیە ئەگەر پەکەکە شتێکی رەتکردەوە، هەدەپە ناتوانێت هیچ بڵێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا راستە پەکەکە غەڵەتی کرد، بەڵام تورکیاش بۆ پرۆسەی ئاشتی وەك پێویست نەهاتۆتەپێش، چەند ساڵ پێش ئێستا گروپێك لە چەکدارانی پەکەکە بە ناوی گروپی ئاشتی لە خاپوورەوە گەڕانەوە تورکیا و خەڵك پێشوازی لێکردن، ئەم پێشوازییە مانای ئەوەیە کوردی باکوور پێشوازی لە بزاڤی سیاسی دەکات، نەك شەڕ، بەڵام تورکیا ئەم پێشوازییەی پێ ناخۆش بوو، دەیگوت دەبێ کورد خۆی بێدەنگ بکات، لەلایەکی دیکە لە هەڵبژاردنی حوزەیران کورد یەکیان گرت و دەنگیان دا بە هەدەپە و ٨٠ کورسی بەدەست هێنا، ئەمەش سەرەتایەکی باش بوو، ئەگەر بە شێوەیەکی رێکوپێك ئەو خەباتە سیاسییە درێژەی پێبدرایە، لەوانە بوو لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بگەیشتایەتە ١٥٠ کورسی

**هێشتا ئۆجالان دەستگیر نەکرابوو، دیسان داوام لە ئێران کرد کە بە رێگەی شاخەکانی ئەرمەنستان ئاپۆ بە ناو ئێراندا بگوازینەوە بۆ چیاکانی کوردستان، بەڵام ئێران ئەمەی رەتکردەوە و رازی نەبوو**

**ئێران و سووریا و هەروەها عێراقی سەردەمی سەدام حوسێن لەسەر ئاستی هەرێمی و رووسیا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی داخوازییان لەسەر پەکەکە ئەوە بوو شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان کورد و تورک لە ناو تورکیا هەڵبگیرسێنێت، ئەم شەڕە دەستی پێکرد، بەڵام بەڕێز ئۆجالان لە زیندانەوە رێنمایی بۆ پەکەکە دەرکرد، ئەم شەڕە رابگرن**

**ئەو زیانەی پەکەکە لە ماوەی چەند مانگێکدا داویەتی، بارتەقای ١٠ ساڵ خەباتی چەکداری پەکەکە بووە، ئەمەش ئازاری بزاڤی نەتەوەیی کوردی داوە، بەتایبەتیش لە باکوور کە ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەییمانە، ئەم شەڕە خەباتی ٣٠ ساڵی پەکەکەی لە باکوور لاواز کردووە، بۆیە داوا دەکەم ئەم شەڕەی ئێستا پەکەکە لە باکوور دەیکات، لێپرسینەوەی لەسەر بکرێت**

پەرلەمانی، بەمەش کورد هەم لە دەسەڵاتی ناوەند بەشدار دەبوو، هەمیش لەدەسەڵاتی هەرێمیدا، بەڵام تورکیا ئەمەشی پێناخۆش بوو، ئەو هەڵبژاردنەی رەتکردەوە و هەڵبژاردنێکی دیکەی پێشوەختە ئەنجام درا، پاشانیش پەکەکە دەستیۆەردانی کرد، داوای کرد شەڕ بکرێت، نەك سیاسەت، ئەمەش وایکرد بارودۆخەکە تێکبچێت و هەدەپەش کورسی کەمتر بهێنێت، بۆیە لەم بارودۆخە ئەگەر رێگە چارەیەك نەدۆزرێتەوە، ئەوا بارودۆخەکە لە هەموو لایەك تێکدەچێت و کورد و حکومەتی تورکیاش زەرەر دەکەن.

*** بەڵام دەمێکە سەرۆك بارزانی هەوڵدەدات کێشەی کورد لە باکوور بە رێگەی سیاسی چارەسەر بکرێت، ئەمەی بە هێزە گەورەکانی وەك ئەمریکا راگەیاندووە و راستەوخۆش لەگەڵ حکومەتی تورکیا باسی کردووە، تەنانەت سەرۆك بارزانی داوای کردووە عەبدوڵڵا ئۆجالان ئازاد بکرێت، بۆ ئەوەی چارەسەری ئاشتییانە بەسەر باڵادەستی شەڕخوازی پەکەکە زاڵ ببێت. لەو بارەیەوە راتان چییە؟**

- بەڕێز سەرۆك بارزانی و پارتی لە هەوڵدانی خۆیان بۆ ئاشتی بەردەوامن و ئەوان نایەنەوێت لە نێوان کورد و تورك شەڕ هەبێت، لە ئێستاشدا کە سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی فراوانی ئابووری و بازرگانی و سیاسییان لەگەڵ تورکیا هەیە، ئامانجی ئەوەیە ئاشتی لە تورکیا پێش بکەوێت، ئەم ئاراستەیەی سەرۆك بارزانی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا زۆر راستە، لە بەر ئەوەی کورد لە تورکیا قەوارەیەکی گەورەیە و زیاتر لە ٢٠-٢٥ ملیۆن کورد هەیە، ئەو کوردەی لە باکووری کوردستان دەژی نیوەی ئەو کوردەیە کە تورکیایە، لەبەر ئەوەی لە شارێکی وەك ئەستەنبوڵ لە ئێستادا نزیکەی ٤,٥ ملیۆن کوردی تێدا دەژی، مەزندە دەکرێت لە یەك دوو ساڵی داهاتوو نیوەی ئەستەنبوڵ ببێتە کورد، لەبەر ئەوەی کورد بە شاڵاو روو لەو شارانە دەکات، لەم حاڵەتەدا کە کوردی باکوور نیوەی زیاتری ئەنادۆڵە، کارێکی هەڵەیە بتەوێت بە رێگەچارەی سەربازی کێشەی چارەسەر بکەیت، دەبێت کێشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، بەڵام پەکەکە و قەندیل ئاستەنگ دروست دەکەن، تورکیاش پێشوازی لەو غەڵەتانەی پەکەکە دەکات. لەم دواییەشدا سەرۆك بارزانی جارێکی دیکە هەوڵیدا حکومەتی تورکیا دەست بە پرۆسەی ئاشتی بکاتەوە، بەڵام بە هۆی ئاڵۆزی بارودۆخەکەوە نەتوانرا پرۆسەی ئاشتی رێکبخرێتەوە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە بەردەوامیی شەڕ و سووربوونی تورکیا لە سەر چارەسەری سەربازی بارودۆخەکە بەرەو خراپتر دەبات.

*** لەم حاڵەتەی ئێستا ئەگەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئازاد بکرێت، ئایا تاچەند ئۆجالان دەتوانێت بزاڤی سیاسی بەرەو پێشەوە ببات؟**

- هەموو داگیرکارانی کوردستان دەیانەوێت سەرکردە کوردەکان لەناو بەرن، دیارە زیندانیکردنی ئۆجالانیش هەر بەو ئامانجە بووە، حکومەتی عێراقی لە سەدەی رابردوو چەند جار هەوڵیدا مەلا مستەفا بارزانی تیرۆر بکات، ئێران قازی محەمەدی لە سێدارە دا و چەندین سەرکردەی دیکەشی لەناو بردووە، بۆیە پێش هەموو شت پێویستە داگیرکارانی کورد رەفتاری خۆیان بەرامبەر بە سەرکردە کوردەکان بگۆڕن. سەرۆك بارزانی لەم سەردانەی دوایی خۆی بۆ تورکیا داوای لێکرا ئاپۆ لە زیندان ببینێت، بەڵام سەرۆك بارزانی گوتبووی من ناچم سەرکردەیەکی کورد لە زینداندا ببینم و شوێنی سەرکردەی کورد زیندان نییە، بەڵکو سەر مێزی دانوستاندنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتییانە. هەر بۆیە سەرۆك بارزانی بۆ ئازادکردنی ئاپۆ هەوڵی جددی داوە و هەوڵەکانی بەردەوامن، ئەگەر ئاپۆ ئازاد بکرێت، ژینگەی سیاسیی باکوور دەگۆڕێت، خەباتی سیاسی و پرۆسەی ئاشتی بە هەنگاوی گەورە دەچنە پێشەوە و بە ئازادکردنی ئاپۆ شەڕی نێوان کورد و تورك کۆتایی دێت، هەر بۆیە سەرۆك بارزانی هەوڵدەدات ئاپۆ ئازاد بکرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش پێویستە هەموو کورد پشتگیری هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بۆ ئازادکردنی ئاپۆ بکەن.

*** ئایا عەبدوڵڵا ئۆجالان چۆن سەیری سەرکردایەتیی بارزانی لەم قۆناخە دەکات؟**

- ئاپۆ پێش ئەوەی زیندانی بکرێت، دەیگوت: ئامانجی داگیرکەرانی کوردستان ئەوە بووە کە ماڵباتی بارزانی لە ناو پرۆسەی سیاسی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان نەهێڵن، بۆیە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ماڵباتی بارزانی خزمەتێکی گەورەی بزاڤی نەتەوەیی کوردیان

**ئەگەر چیاکانی باشووری کوردستان نەبوونایە، لە باکوور شۆڕش پێش نەدەکەوت، بۆیە ئەگەر باکوور ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەیی بێت، ئەوا باشوور چاوی ناوەندی ئەو بزاڤە نەتەوەییە**

**پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆک مسعود بارزانی چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی هاوکاری شۆڕشی هەموو پارچەکانی کوردستانیان کردووە، بۆیە زۆر گرنگە هەموو هێزەکانی کوردستان بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ باشووری کوردستان بکەن و نابێت رێگە بدرێت ئەم ئەزموونە تێکبچێت**

**پەکەکە دەیەوێت باشوور داگیر بکات، بۆ ئەمەش زۆر هەوڵیداوە بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باشووری کوردستان وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان نییە و قەت چۆڵ نەبووە، باشوور ناوەندی خەباتی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بووە، هەر لە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی هەتا ئێستا شۆڕش لە باشوور بەردەوام بووە، ئەگەر چەند ساڵێکیش بێدەنگ بووبێت، بەڵام دواتر هەر بەردەوام بووە**

کردووە و پێویستە لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا جێگەیەکی تایبەتیان هەبێت و هێزە سیاسییەکانی کوردستان رێزیان بگرن. چاو لە وڵاتانی وەک بەریتانیا و رۆژئاوا بکەن کە ماڵباتی پادشایان هەیە و چۆن رێزیان لێگرتووە، بۆیە پێویستە ماڵباتی بارزانی وەک ماڵباتی پادشا لە ناو بزاڤی رزگاریخوازی سەیر بکرێت و لە بڕیاری ستراتیژی و چارەنووساز رۆڵی خۆیان هەبێت، ئاپۆ گوتوویەتی دوژمنایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ پەکەکە لە دۆستایەتی زۆر لایەنی دیکە باشترە، بۆیە رۆڵی پارتی و ماڵباتی بارزانی لای ئاپۆ زۆر جێگەی رێزە، ئاپۆ دەزانێت خەباتی باکوور دوای رێککەوتنی پارتی و پەکەکە لە ١٩٨٣ بەرەو پێشەوە چووە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی من ئاپۆم نەبینیوە بزانم سەبارەت بە سەرکردایەتیی بارزانی لەم قۆناخە چی دەڵێت، بەڵام ئەوەندەی من لە فیکری ئاپۆ شارەزا بم، لە ئێستادا ئاپۆ پشتگیری پرۆسەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لە باشوور دەکات .

*** ئەگەر هەندێک باسی خەباتی رۆژئاوا بکەین، دیارە ئێوە خۆتان پەیەدەتان لە رۆژئاوا دامەزراندووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی پەیەدەش بە هاوشێوەی پەکەکە هیچ لایەنێکی بەرامبەری قبووڵ ناکات؟**

- دوای زیندانیکردنی ئۆجالان، پەکەکە بەرنامەی ئەوەی هەبوو گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆی بکات و بەرنامەی ئەو گۆڕانکارییە من ئامادەم کردبوو، ئەو بەرنامەیەش ئەوە بوو کە پێویستە هێزی پارچەکانی دیکە لە پارچەی خۆیان درێژە بە خەبات بدەن، لە کۆنسەی سەرۆکایەتی ئەو کارە درایە موراد قەرەیلان، بەڵام ئەو نەچووە سووریا، بۆیە ئەرکەکە کەوتە سەرشانی من و بە ئامادەبوون و چاودێریی من پەیەدە دامەزرا، دیارە دامەزراندنی پەیەدە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بوو، ئەو کات رژێمی سەدام رووخابوو، چاوەڕێ دەکرا گۆڕانکاری لە هەموو ناوچەکە رووبدات، ئێمەش وەک ئامادەکارییەک بۆ ئەو گۆڕانکارییە پەیەدەمان دامەزراند، پەیەدە توانی لە رۆژئاوا جێگەی خۆی بکاتەوە، هەر بۆیە کە شەڕی سووریا دەستی پێکرد، پەیەدە توانی ببێتە دەسەڵات، ئەوجا لەبەر ئەوەی پەیەدە فەلسەفەی پەکەکە جێبەجێ دەکات، دەیەوێت بە تەنیا خۆی لە دەسەڵاتدا بێت، لە فەلسەفەی پەکەکەدا یەک دەسەڵات هەیە، یەک سوپا هەیە، یەک هێز هەیە، ئەمەش رەنگدانەوەی کاریگەریی کەمالیزمە لە سەر پەکەکە، لەبەر ئەوەی فەلسەفەی کەمالیزمیش لە تورکیا یەک دەوڵەت، یەک سوپا، یەک نەتەوەیە.

*** دوایین پرسیارمان سەبارەت بە رای خۆتە، ئایا چۆن سەیری پرۆسەی دەوڵەتبوون بە سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی دەکەیت و ئایا پێویستە چۆن پشتگیریی ئەم پرۆسەیە بکەین؟**

- بە هەموو شێوەیەک پشتگیریی پرۆسەی بە دەوڵەتبوونی باشووری کوردستان دەکەم و خۆم بە پێشمەرگەیەکی سەرۆک بارزانی دەزانم، یەکێک لەو هۆکارانەی وایکرد لە پەکەکە جیا ببمەوە ئەوە بوو خەڵکانێک هەبوون لە ناو سەرکردایەتی پەکەکە دەیانویست دوژمنایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەن، من لە دژی ئەوان راوەستام، لەبەر ئەوەی دەزانم باشووری کوردستان بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی چەند گرنگی هەیە، بۆیە لای من باشووری کوردستان بۆ بزاڤی نەتەوەیی وەک کەعبە وایە بۆ موسڵمانان، دەبێت هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان باشووری کوردستان وەک کەعبە بە پیرۆزی سەیر بکەن، هەروەها پێویستە هێزە سیاسییەکانی باشوور هەموو کێشە لاوەکییەکانیان وەلا بنێن و هەموو پێکەوە پشتگیری سەرۆک بارزانی بکەن بۆ سەربەخۆیی، سەرۆک بارزانی سەرۆکێکی هەڵکەوتووە و دەتوانێت ئەم پرسە بگەیەنێتە ئامانج، دەبێت هەموو لایەک بزانن، لەسەر دەستی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی ئەم بزاڤە دەستی پێکردووە و هەر لەسەر ئەم بزاڤەش لە سێدارە دراوە، پاشان لەسەر دەستی مەلا مستەفا بارزانی ئەم بزاڤە فراوان بووە، ئەویش هەموو تەمەنی خۆی کردە قوربانی ئەم بزاڤە، لە ئێستاشدا ئەم بزاڤە کە سەرۆک بارزانی رێبەرایەتی دەکات، کاتی ئەوە هاتووە دواخاڵ لەسەر پیتەکان دابنێت، کە ئەویش راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستانە، سەرۆک بارزانی پێویستی بە سەرۆکایەتی نییە، ئەو لە شنگال زۆر راشکاوانە گوتی گەورەترین شانازی بۆ من ئەوەیە کە پێشمەرگەم، بۆیە ئەوەی دەیڵێم پشتگیری نییە بۆ کەسێک، یان لایەنێکی سیاسی، بەڵکو پشتگیریکردنی بەرژەوەندی کوردە و دەبێت هەموومان پشتگیری بەرژەوەندی کورد بکەین کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

**لەسەر ئاستی هەرێمی بە سەرۆکایەتی ئێران و بە پشتگیری بەغدا و شام، هەروەها لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی بە پشتگیری رووسیا، پەکەکە شەڕی بەوەکالەت دەکات**

**دەبووایە لانیکەم پارتی دیموکراتی کوردستان تەلەفزیۆنیکی بۆ باکوور دابمەزراندایە بۆ ئەوەی بزاڤی سیاسی پێش بخات و باشتر زەمینەی چارەسەری سیاسی لە باکوور دروست بکات و خەتێکی دیموکراتییانەی پێش بخستایە بۆ ئەوەی خەڵک پشتگیری لە چارەسەری سیاسی بکات، نەک شەڕ**

**شەڕێکی فراوان لە باکووری کوردستان هاتۆتەئاراوە، ئەو شەڕە گورزێک بوو بەر بزاڤی نەتەوەییمان کەوت و ئازاری دا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە باکوور ناوەندی تێکۆشانی نەتەوەیی ئێمەیە و تێکچوونی بارودۆخی سوور و جەزیرە بۆ بزاڤی نەتەوەییمان گران رادەوەستێت، ئەمەش بەرەنجامی سیاسەتی پەکەکەیە، بەداخەوە پەکەکە لەم شەڕەدا بەرژەوەندی هێزی دەرەکی لەبەرچاو گرت**

# درزی نێوماڵی کورد گەورە بێت کێ قازانج دەکات؟



د.وەلی مەحمود*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بێگومان خەباتی میللەتان و شۆڕش و راپەرینەکانیشیان هەرگیز بێ کێشە و گرفت و ململانێ نەبوون، بەڵکو زۆرجاریش خوێناوی بوون. بەڵام ئایا کام میللەت و نەتەوەی دنیا ئەم رووداو و لاپەڕانەی مێژوویان بە رووداوی ناخۆش و ناڕاست و لاپەڕەی رەشی مێژوویان دانەناوە و دەرس و پەندیان لێ وەرنەگرتوون؟ یان ئەو رووداوانەیان وەك مێژووی بەسەرچوو بۆ نەوەی نوێیان باس نەکەن و ئەوەندە بە رەش و تاریك و ناخۆش دەیخەنە بەر دەستی رۆڵەکانیان بۆ ئەوەی دەرسی لێ وەرگرن و بەجێیان بێڵن و فاکتەر و هۆکارەکانی دووبارەبوونەوەیان لابەرن.

ئەگەر لاپەڕەکانی مێژووی وڵاتان و میللەتانی دنیا هەڵدەینەوە، دەبینین هەر میللەتێك دەرس و پەندی لە مێژووی خۆی وەرنەگرتبێت، ئەوا هەمیشە لە شەڕ و شۆڕش و دواکەوتوویی و ژێردەستەیی ماوەتەوە. بە کورتی میللەتانی لەم جۆرە لە نائارامی و دواکەوتوویی و وابەستەیی ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت و ئەم زلهێز و ئەو زلهێز ماونەتەوە.

میللەتی کورد زیاتر لە نیو سەدە لە مێژووی نوێ خەریکی خەبات و تێکۆشان بووە. هەندێك جار شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی خوێناوی روویداوە لە نێوان براکان، بەڵام دواتر کە ئاشت بوونەوە و دەست لەناو دەستی یەکتر دروست بووە، هیچ لایەك لە لایەنە ناکۆکەکان شانازی بە رۆژانی رووداوەکانەوە نەکردووە، بگرە بۆ کاتێکی زۆر خەریکی ساڕێژبوونی برینەکان بوون، هەندێك جار قارەمانی ناوداری میللەتەکەمان بوونەتە قوربانی لەم رووداوانە. راستە حزبەکان هەموویان یەك ئایدیا و یەك دنیابینی و یەك بیروبۆچوونیان نییە بۆ تێکڕای مەسەلە و بابەتەکان، حزبەکان یەك قوتابخانەی فیکری و کەسەکانی بەڕێوەی نابەن، بەڵام ژیان و مەنتق پێمان دەڵێ کە چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان حزبەکان و مرۆڤەکاندا هەیە. وردتر بڵێم: خاڵە هاوبەش و چوون یەکەکان زیاترن. ئەگەر بێین باسی حوکمڕانیی (٢٤) ساڵی رابردوو بکەین، سەیر دەکەین کە هەر کاتێك حزبەکانی سەر گۆڕەپان -گەورە و بچووك- ناکۆك بووبن، ژیان ئاڵۆز و شێواو بووە، هەرکاتێکیش تەبا و هەماهەنگ بووبن، ژیان ئارام و دەستکەوت باشتر بووە.

ناکرێت بیشارینەوە و باسی شەڕی ناوخۆیی نەکەین، کە هەندێك ناویان نا «شەڕی براکوژی» و هەندێك «شەڕی خۆکوژی» و (لایەنە شەڕکەرەکانیش هەر لایەك دەیویست پاساو بۆ بێتاوانیی خۆی بهێنێتەوە و بەرامبەرەکەی تاوانبار بکات). من هیچ مەبەستم نییە برینەکان بکولێنمەوە و باسی هۆکار و تاوانبار و بێتاوان بکەم، بەڵام ئەوە بەبیر خوێنەر دێنمەوە کە شەڕی نێوان یەکێتی و پارتیماڵوێرانی و خوێن بەفیڕۆدان و راکێشانی دەستی دەرەکی و بە هەدەردانی ماڵ و داهات و دروستبوونی بێمتمانەیی لێ دروست بوو، بەڵام هەر کە تەواو بوو بەڕێز مسعود بارزانی وتی: بێ تاوانترین کەس لەم نێوەدا من و هەڤاڵ مام جەلال-ین کە هەردووکیان سەرۆك و سکرتێری بەدەسەلاتی هەردوو حزبی شەڕکەر بوون). باشە ئەوە راستییەکی بێ ئەم لاو ئەو لامان پێ دەڵێ کە هیچ حزب و لایەنێك شانازی بە شەڕ و ململانێی نێوخۆیی ناکەن کە روودەدەن و درز دەخەنە نێوان رۆڵەکانی میللەت و لە بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئاواتەکان دووریان دەخەنەوە. دێمەوە سەر بابەتی گەرمی نێوخۆی ئێستای کوردستان کە خەریکە بەشێك لە دەستکەوتەکان لەبار ببات، هەر لایەنێکیش پێیوابێ وا نییە، بە هەڵەدا دەچێ. دەتوانم بڵێم هەموو لایەنەکان تا رادەیەك ناکۆکن (چونکە ماوەی (٦) مانگە نەیانتوانیوە خاڵی هاوبەش بدۆزنەوە و ئەم خالە هاوبەشە بکەنە سەرەتا و دەستپێکی چارەسەر بۆ خاڵەکانی داهاتوویان لە بە یەکەوە هەڵکردن و پێکەوەژیان). لێرەدا بە نەرمی هەندێك پرسیار لە لایەنە ناکۆکەکان دەکەم و پرسیارەکانیش ئەمانەن:

١. ئایا بەرامبەر نەیارەکانمان لە عێراق و دەوروبەر یەك دەست و یەك بۆچوون بین قازانجمانە، یاخود ناکۆك و پەرتەوازە؟

٢. ئایا ئەم قەیرانە (دارایی و سیاسی و سەربازییە) بە هەموومان هاوکار بین و شانی بدەینەبەر، چاکتر رووبەڕووی دەبینەوە، یاخود بە پەرتەوازەیی و ئارەزووی جیاجیا؟

٣. ئایا درزەکانی نێوانمان گەورەتر بێت قازانجمانە، یان بچووك کردنەوە و نەهێشتنیان؟

٤. ئایا دەستاودەستکردنی دەسەڵات و چەسپاندنی دیموکراتییەت و یەکتر قبووڵ کردن لە بەردەم دنیای مۆدێرن و دۆستان جوانترمان دەکات، یاخود تاکڕەوی و خۆفەرزکردن؟

٥. ئایا نەرمی نواندن و دەستدرێژکردن بۆ هاریکاریی یەکتر دەستکەوتەکان چەسپاوتر دەکات، یاخود «اتهام» کردن و «استفزاز»کردنی یەکتر؟

٦. ئایا ئەو حزبەی شۆڕش و خەباتی لەمێژینەی کردووە، هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی ماوەی حزبی نوێ و کەسی نوێ و خوێنی تازە نەدا بێتە پێشەوە؟ ئایا دەبێ نەوەی نوێ و حزبی نوێش هیچ بەها و پیرۆزی بۆ حزبی قاڵبووی خەبات و سیاسەت و خەباتگێڕ و ماندووبووانی دوێنی دانەنێ، یان دەبێ فۆرمی هاوبەش بدۆزرێتەوە؟

٧- ئایا سیاسەتی چەپکەگوڵ باشترە بۆ ئەم قۆناغە، یان سیاسەتی یەك چڵ گوڵ؟

داواکارم لایەنە ناکۆکەکان وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، دوور لە بیرکردنەوەی تەسکی حزبی و قازانجی حزب و تاکی دەسەڵاتداری حزبی.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێ، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە زۆر چارەنووسسازە، چونکە دەستکەوتی گەورەتر بەڕێوەیە و ئەگەر ئەم قەیران و قۆناغە تێپەڕ بکەین، متمانەمان لای میللەتی خۆمان و دۆستان زیاددەبێت، خوانەخواستە ئەگەر پێچەوانەکەی رووبدات، مێژوو رەحم بە کەسمان ناکات.

با درزەکان لەوە گەورەتر نەبن، قۆناغی خەباتی ئەمڕۆ جیایە لەگەڵ شەستەکان و حەفتا و هەشتاکان و بگرە نەوەتەکانیش، میللەت تا رادەیەك تەحەمولی وەزعەکە و ناعەدالەتییەکانی کردووە، نۆرەی سیاسی و بەرپرسە باڵاکانە، چ لایەکیش بەدەسەڵاتتر و بە قەبارە گەورەتر بێت، دەبێ دڵنەرمتر و دەستکراوەتر بێت، لە سەرکەوتن هەموومان سەردەکەوین و لە ژێرکەوتن کەس قازانج ناکات، جگە لە دوژمن و نەیارەکان.

وریابین نەکەوینە داوی تەڵە و فێڵی دەوڵەتانی دەوروبەر، چونکە گرێی دەست ناخرێتە دەم و هەرچۆن لێکی دەدەینەوە، کێشەوگرفتەکان رێگای چارەسەریان هەیە و ئالۆزکردنیان دەبێتە زیانی گەورەی حوکمڕانی و دیموکراسی و بەرنامەی ئایندە.

بۆیە دەڵێم مەرج و مەرجدانان بۆ گفتوگۆی لایەنە ناکۆکەکان قازانج بە پرۆسەی چارەسەری ناکات، بەڵکو درزەکە گەورەتر دەکات، بۆیە پێویستە گفتوگۆی رووبەڕوو هەرچی زوو دەستپێ بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر میللەتەکەمان لە دڵەڕاوکێ و نائارامیدا نەژی.

---

***سەرۆکی زانکۆی کۆیە**

**میللەت تا رادەیەک تەحەمولی وەزعەکە و ناعەدالەتییەکانی کردووە، نۆرەی سیاسی و بەرپرسە باڵاکانە، چ لایەکیش بەدەسەڵاتتر و بە قەبارە گەورەتر بێت، دەبێ دڵنەرمتر و دەستکراوەتر بێت**

**تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە زۆر چارەنووسسازە، چونکە دەستکەوتی گەورەتر بەڕێوەیە و ئەگەر ئەم قەیران و قۆناغە تێپەڕ بکەین، متمانەمان لای میللەتی خۆمان و دۆستان زیاددەبێت، خوانەخواستە ئەگەر پێچەوانەکەی رووبدات، مێژوو رەحم بە کەسمان ناکات**

**هیچ حزب و لایەنێک شانازی بە شەڕ و ململانێی نێوخۆیی ناکەن کە روودەدەن و درز دەخەنە نێوان رۆڵەکانی میللەت و لە بەدەستهێنانی دەستکەوت و ئاواتەکان دووریان دەخەنەوە**



### ماسیمیلیانۆ ترەنتین

### پسپۆڕی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# هەرێمی کوردستان هەموو فاکتەرەکانی سەربەخۆیی فەراهەم کردووە

**ماسیمیلیانۆ ترەنتین بڕوانامەی دکتۆرای لە مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی فلۆرێنس لە ئیتاڵیا بەدەستهێناوە، لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و مێژووی ئابووری دەدات و حاڵی حازر وانەبێژی مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی بۆلۆنا لە ئیتاڵیا. بۆ تاوتوێکردنی پرسی بەسەرچوونی حوکمڕانیی دیکتاتۆرییانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زەروورەتی هێنانەئارای چارەسەرێکی نوێ بۆ کێشەکانی ناوچەکە و ڕۆڵی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستاندا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن.**

*** ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە گەلانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیتر حوکمڕانیی زۆرداری قبووڵ ناکەن، هەروەها دەبینین کە پشێوی و ئاڵۆزییەکی زۆر باڵی بە سەر ئەم ناوچەیەدا کێشاوە، کەواتە ئێوە چۆن لە بارودۆخی ئاڵۆزی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن و ئایا پێتانوایە دەکرێت کێشەکان لە چوارچێوەی سیستمی دەوڵەتدا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە؟**

- پێموایە ئەو ناسەقامگیرییەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بەدی دەکرێت، جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت، کەمتر پەیوەستن بە پرسی سنوورەکانەوە، بەڵکو ئەو ناسەقامگیرییە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابڕانەی دروست بووە لە نێوان حوکمڕان و جەماوەردا، خەڵکیش داوای بەشداری زیاتر و دادپەروەری و ئازادی زیاتر دەکەن و چیتر خەڵك ئەو دۆخە قبووڵ ناکەن کە تێیدا بەشدارییان نەبێت و ئازاد نەبن.

*** ئەوە ئاشکرایە کە سنوورەکانی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گوێرەی ڕێککەوتنامەی سایکس پیکۆ-وە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە داڕێژران، ئەویش بێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکانی ئەم ناوچەیە، ئەمەش بۆتە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئەم پێکهاتانە نەتوانن پێکەوە بژین، کەواتە چۆن کێشەکان چارەسەر دەبن ئەگەر سنوورەکانی ئێستا وەك خۆیان بمێننەوە؟**

- بە تێڕوانینی من تەنیا لە چەند حاڵەتێکی کەمدا پرسی سنوورەکان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم دیموکراسی و ئازادیدا، بەڵام ئەگەر لە حاڵەتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانیت، ئەوا ڕاستە زۆربەی سنوورەکان لە لایەن هێزە کۆلۆنیاڵییەکانەوە کێشران و ئەمەش ڕاستییەکە کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات. ئەگەرچی هەندێ لە سنوورەکانیش لە لایەن خودی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کێشراون، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە دانپێدانان بە مافی بڕیاردانی چارەنووس بۆ گەلانی ناوچەکە بەتایبەتی ئەوانەی بێبەشکران لە دەوڵەت بە چەشنی کورد و دروستکردنی دەوڵەتی نوێ نابێتە هۆی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان. ئەگەر لە پرسی پەیوەست بە بەرەوپێشچوونی مێژووی کوردەوە بڕوانین، ئەوا تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی نوێش هاتەئاراوە، ئەوا دەبێت ئەو دەوڵەتە نوێیە، یان ئەو خاکە نوێیە هاوشان بێت بە دەستەبەرکردنی بەشدارییەکی زیاتر و ئازادییەکی زیاتر، ئەمە حاڵەتەکەیە لە پێوەندی بە پرسی کوردەوە، چونکە ئەگەر سنوورەکان دووبارە داڕێژرانەوە و بە هەمان شێوە هەوڵی یەکڕەنگردن درا لە ڕووی سیاسییەوە، ئەوا ئەمە هیچ شتێك چارەسەر ناکات و بگرە هەمان هەڵەکانی ڕابردوو دووبارە دەکرێنەوە. کەواتە سنوورەکان ئەو کاتە دەبنە سەرچاوەی کێشەی گەورە ئەگەر هاتوو ڕێگربوون لە دەستەبەرکردنی دیموکراسی و بەشداری. ئەمە پرسێکی ئاڵۆزە، بەڵام گرنگیشە، چونکە بەپێچەوانەوە ئەمە دەبێتە دووبارەکردنەوەی هەڵەکانی ڕابردوو.

*** ئاشکرایە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش، چونکە ئەمە بۆتە کێشەیەکی گەورە بۆ جیهان و بۆ وڵاتانی ئەورووپا بەتایبەتی کە شەپۆلێکی گەورەی کۆچبەران ڕوو لەو وڵاتانە دەکەن، بەڵام هاوپەیمانی نێودەوڵەتی تەنیا لە ڕێی گورزی ئاسمانییەوە هێرش دەکاتە سەر تیرۆریستان و تاکە هێزێکی زەمینی کاریگەر کە ڕووبەڕووی داعش بووبێتەوە، بریتییە لە پێشمەرگە، لە لایەکی دیکەوە ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە کورد تێوە نەگلاوە لە ململانێی شیعە و سوننە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کورد شایستەی ئەوە نییە هاوکاری زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی شەڕی دژ بە داعش کۆتایی پێبهێندرێت؟**

- کێشەی کورد کێشەیەکی ڕەوایە، هەروەها بەڵگەکانی سەر ئەرزی واقیع ئەوە دەردەخەن کە هێزەکانی کورد هەم لە عێراق و هەم لە سووریا تاکە هێزێکین کە توانیویانە لە ڕووی سەربازییەوە شکست بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، یان داعش بهێنن. ئەمە واقیعێکە لە ڕوانگەی سەربازییەوە. تەنانەت ئەمە لە ڕوانگەی سیاسیشەوە ڕاستە، چونکە ئەو جۆرە هاووڵاتیبوونەی دەوڵەتی ئیسلامی دەیەوێت بیسەپێنێت لەو خاکانەی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵیەوە یەك ناگرنەوە لەگەڵ ئەزموونی دەوڵەتداری و حوکمڕانی کورددا، کەواتە ئەمە پێکدادانێکی سەربازی و سیاسیشە لە هەمان کاتدا. لەبەر ئەوە پێموایە پێویستە سەرجەم هێزە دیموکراتییەکانی جیهان لە ڕاستیەکانی سەر ئەرزی واقیع بڕوانن و پشتیوانی لە ئەزموونی کورد بکەن. لەبەر ئەوە سەرەڕای هەموو دژوارییەکانی ئەوا شێوازی حوکمڕانی کورد ئەوەی خستۆتەڕوو کە پانتاییەکی ڕوو لە زیادی هەیە بۆ بەشداریکردن کە پێکهاتە تایفەگەرییەکانیش دەگرێتەوە، ئەگەرچی

■ ئەگەر چارەسەرێک لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەشداریکردن بێتەئاراوە، ئەوا باشترین هێزێک کە دروست بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەو خەڵکانە دەبن کە لە ژێر حوکمڕانی ئەو ڕێکخراوەدا دەژین

■ هەندێ لەو وڵاتانەی لە نێو هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدان، ئەوەندەی مەیلی شەڕکردنیان هەیە لەگەڵ یەکدا، ئەوەندە مەیلی شەڕکردنی داعشیان نییە

■ ئەو جۆرە هاووڵاتیبوونەی دەوڵەتی ئیسلامی دەیەوێت بیسەپێنێت لەو خاکانەی کەوتوونەتە ژێر کۆنترۆڵیەوە یەک ناگرنەوە لەگەڵ ئەزموونی دەوڵەتداری و حوکمڕانی کورددا

ئەم شێوازە لە سەر بناغەیەکی تایفەگەری بنیاد نەنراوە. ئەزموونەکانی سەر ئەرزی واقیعیش ئەوەیان پیشانداوە کە هەر کاتێك بوار بۆ بەشداریکردن بڕەخسێنیت، ئەوا پرسی تایفەگەری سنووردار دەبێت، یاخود پرسێك دەبێت کە دەستێوەردانی دەرەکی هەوڵی ورووژاندنی دەدات بۆ لە ناوبردنی ئەزموونە دیموکراتییەکە. لەبەر ئەوە ئەگەر قووڵ رۆبچین دەبینین لە ئەزموونی کوردی عێراق و کوردی تورکیاش ئاماژەی ئومێدبەخش بەدی دەکەین.

*** ئێمە دەزانین کە هاوپەیمانێتییەکی نێودەوڵەتی دروست بووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، بەڵام سەرەڕای ئەوەش هێشتا ئەم رێکخراوە توانای هێرش و پەلامار و داگیرکردنی خاکی زیاتری هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر هەوڵێکی جددی نەدرێت لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بۆ لە ناوبردنی ئەم تیرۆریستانە، ئایا چۆن دەکرێت چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی ئەم شەڕە بکەین؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە داعش لە ئێستادا بەهێزتر بێت لە رابردوو، لەبەر ئەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ـەوە کەوتۆتە ژێر فشارێکی زیاترەوە بۆ ئیحتیواکردنی، ئەگەر نەڵێین تێکشکاندنی، هەروەها هەوڵی ئیحتیواکردنی هاتنی شەڕکەران بۆ نێو ئەم رێکخراوە دراوە، بەڵام کێشەکە زیاتر کێشەیەکی سیاسییە، لەبەر ئەوە هەندێ لەو وڵاتانەی لە نێو هاوپەیمانێتی دژ بە داعشدان، ئەوەندەی مەیلی شەڕکردنیان هەیە لەگەڵ یەکدا، ئەوەندە مەیلی شەڕکردنی داعشیان نییە. هەروەها ئەوە لێکترازانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە کە بۆتە هۆی ئەوەی داعش گەشە بکات و سەرکەوتووانە گورز بوەشێنێت، وەك ناکۆکی نێوان سعودیە و عێراق، ناکۆکی نێوان سووریا و تورکیا، هەروەها ناتۆ و تورکیا، ئەگەرچی ئەمەی دواییان ئەندامی ناتۆشە، بەڵام ئایا ئەوە چ لایەنێکە کە شەڕی کوردی سووریا دەکات، بێگومان تورکیایە کە ئەندامی ناتۆیە. لە لایەکی دیکەوە من بڕوای تەواوم هەیە بەوەی ئەگەر چارەسەرێك لەسەر بنەمای دادپەروەری و بەشداریکردن بێتەئاراوە، ئەوا باشترین هێزێك کە دروست بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش، ئەو خەڵکانە دەبن کە لە ژێر حوکمڕانی ئەو رێکخراوەدا دەژین، لە ئێستادا هەندێ ئاماژە بەدی دەکەین لەم رووەوە، بەڵام ئەمە رێگایەکی دوورودرێژە.

*** کورد سەلماندی کە هاوپەیمانێکی کارایە لە شەڕی دژ بە داعش و حاڵی حازر کوردستان سنوورێکی دوور و درێژی لەگەڵ تیرۆریستاندا هەیە و پێشمەرگە توانیویەتی پارێزگارییان لێبکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی شەپۆلێکی گەورەی ئاوارە و پەنابەران رووی لەم هەرێمە کردووە، ئایا تا چەند کورد پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدەست دەهێنێت ئەگەر هاتوو هەنگاوی بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵگرت؟**

- من لەو باوەڕەدا نیم کە هەنگاوهەڵگرتنی کورد بەرەو سەربەخۆیی پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنێت، راستە ئەوان کۆنترۆڵی کێڵگەی نەوتیان کردووە لە کەرکووکدا- کە شارێکی مێژووییە-، واتە ئەگەرچی لە رووی ئابوورییەوە لە پێگەیەکی گرنگدان، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە دانپێدانان بەدەست بهێنن، ئەمەش بە مانای هاتنەئارای ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکی گەورەی شەڕ و ناکۆکی دێت لەگەڵ دەوڵەتە دراوسێکاندا، واتە پرۆژەی سەربەخۆیی کوردی عێراق لە مەترسییەکی گەورەدا دەبێت. بەڵام پێموایە یەکێك لەو چارەسەرانەی ئەگەری سەرکەوتنی هەیە، بریتییە لە بەهێزکردن و چەسپاندنی ئەو فیدراڵیزمەی لەئارادایە، لەبەر ئەوەی بە دڵنیاییەوە رۆژگاری دەوڵەتی نەتەوەیی و مەرکەزیەتی توند و کۆمەڵگەی یەکڕەنگ بەسەرچووە، کەواتە چیتر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای ئەوە نەماوە جارێکی دیکە دەسەڵاتی مەرکەزی لە پایتەختەوە بەسەر سەرجەم پارێزگاکاندا بسەپێندرێت، لەبەر ئەوە لە روانگەی منەوە کاتی ئەوە هاتووە شێوازی نامەرکەزی پیادە بکرێت، ئەگەرچی بە دڵنیاییەوە دەبێت هەر نەتەوەیەك خۆی بڕیار لە چارەنووس و ئایندەی خۆی بدات. لە راستیدا هەرێمی کوردستان لە عێراقدا هەموو فاکتەرەکانی سەربەخۆیی فەراهەم کردووە، مومارەسەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسیش دەرئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە کاتێك سەردەکێشێت بۆ دیموکراسیەتی زیاتر و بەشدارییەکی زیاتر، ئەگەرنا دەبێتە ئەزموونێکی داڕووخاو وەك سوودانی باشوور لە ئێستادا.

*** دوا وتەتان چییە؟**

هیوای خۆشبەختیتان بۆ دەخوازم و باوەڕم بە توانای کورد هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە چارەسەری داهێنەرانە بۆ ئەو کێشە سەرەکییانە بدۆزنەوە کە کاریگەرییان لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، نەك هەر تەنیا لە خاکی خۆیاندا، بەڵکو لەسەرجەم ناوچەکەدا.

**کێشەی کورد کێشەیەکی رەوایە، هەروەها بەڵگەکانی سەر ئەرزی واقیع ئەوە دەردەخەن کە هێزەکانی کورد هەم لە عێراق و هەم لە سووریا تاکە هێزێکین کە توانیویانە لە رووی سەربازییەوە شکست بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، یان داعش بهێنن**

**ئەو ناسەقامگیرییەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا بەدی دەکرێت، جگە لە چەند حاڵەتێکی کەم نەبێت، کەمتر پەیوەستن بە پرسی سنوورەکانەوە، بەڵکو ئەو ناسەقامگیرییە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابڕانەی دروست بووە لە نێوان حوکمڕان و جەماوەردا**

**باوەڕم بە توانای کورد هەیە بۆ ئەوەی بڕیار بدەن و لە رووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە چارەسەری داهێنەرانە بۆ ئەو کێشە سەرەکییانە بدۆزنەوە کە کاریگەرییان لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە**



### ئیدوارد ماکماهۆن توێژەر لە فریدەم هاوس بۆ گوڵان:

# لە هەندێک وڵاتدا کرانەوەی ئابووری پێش کرانەوەی سیاسی کەوتووە و ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

**ئیدوارد ماکماهۆن وانەبێژە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی ڤێرمۆنت و توێژەری باڵایە لە خانەی فریدەم هاوس و پێشتریش وانەبێژی زانستی سیاسی بووە لە زانکۆی بینگهامتۆن و بەڕێوبەری سەنتەری توێژینەوەی ئەدای دیموکراسی بووە لە هەمان زانکۆ، بۆ تاوتوێکردنی پێوەندی نێوان دیموکراسی و دامەزراوەکان و کاریگەری کرانەوەی ئابووری و ئابووری بازاڕ لەسەر پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد، ئەویش بەم شێوەیە راوبۆچوونەکانی خستەڕوو.**

*** زۆرجار باس لە گرنگی بنیادنانی دامەزراوەکان دەکرێت بۆ ئەوەی لە چوارچێوەیاندا دیموکراسی پیادە و مومارەسە بکرێت، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە پێوەندی نێوان دیموکراتی و دامەزراوەکان لە چیدایە؟**

- دامەزراوەکان ئەو ئامرازانەن کە لە ڕێیانەوە دەتوانرێت گوزارشت لە ئیرادەی دیموکراسی بکرێت و ئەم ئیرادە جێبەجێ بکرێت، واتە بریتییە لەو ڕێگایەی کە بەرژەوەندی خەڵکی تیایاندا دەگۆڕدرێت بۆ سیاسەت و پرۆگرامی حوکمڕانی. هەروەها دامەزراوەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی دامەزراوەی دیموکراسیی کارا، ناتوانرێت خەونەکانی خەڵك بەدی بهێندرێت. کەواتە توانای کۆمەڵگە بۆ دیاریکردنی ڕێساکانی گەمەکە و دیاریکردنی ئەوەی چۆن دامەزراوە دیموکراتییەکان کار بکەن، گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەها ئەوەی بێ ئەندازە گرنگە ئەوەیە کە ڕێز لە چەند بنەمایەك بگیرێت، وەك زەمانەتکردنی نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەکان لە نێو دامەزراوە دیموکراتییە نوێیەکاندا، بۆ ئەوەی خەڵکی هەست بکەن کە بە ڕاستی دامەزراوەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانیان دەکات.

*** ئەگەر لە پرۆسەکانی بونیادنانەوەی نەتەوە بڕوانین کە لە سەدەی بیستدا ڕوویاندا، ئەوا ئەو ڕاستییە بەدی دەکەین، لە چەند وڵاتێکدا کە پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە تێیاندا سەرکەوتوو بووە، ئەولەوییەت دراوە بە کرانەوەی ئابووری و ئابووری بازاڕ و دواتر کار لەسەر پرسی کرانەوەی سیاسی و دیموکراسی کراوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن؟**

- بە تێڕوانینی من ئەو دوو پرۆسەیە لێکدابڕاو نین، ئەوە ڕاستە کە کۆمەڵگە جیاوازەکان بە ڕەوتی جیاواز پەرەیان بە دامەزراوە دیموکراتییەکان و گەشەپێدانی ئابووری داوە. هەرچۆنێك بێت، مێژوو ئەوەی خستۆتەڕوو کە بە تێپەڕبوونی کات زۆر زەحمەتە بتوانیت پەرەپێدانی ئابووریی سەقامگیر بەدەست بهێنێت، بە بێ بوونی دامەزراوەی سیاسی کە دیموکراسیەتێکی نوێنەرایەتی بەرجەستە بکات، بە هەمان شێوە پەرەپێدانی ئابووریش زەمینەسازی دەکات بۆ بەرەوپێشچوونی دامەزراوەی دیموکراتی. با ئاماژە بەوەش بکەم کە لە هەندێ وڵاتدا کە پەرەپێدانی ئابووری پێش بەرەوپێشچوونی دیموکراسی کەوتبێت، ئەوا لە زۆر حاڵەتدا سەریکێشاوە بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە حاڵەتی کۆریای باشوور و تایوان بکەین. بەڵام کۆمەڵگە جیاوازەکان سیاقی جیاوازیان هەیە لە پێوەندی بە هاتنەئارای بەرەوپێشچوونی دیموکراسی و هەروەها بەرەوپێشچوونی ئابووریشەوە. بۆ نموونە، هەردوو وڵاتی کۆریای باشوور و تایوان، ئابوورییەکیان هەیە پشت بە هەناردەکردن دەبەستێت و توانیویانە بە خێرایی پەرە بە کارگەکانیان بدەن و ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و پەروەردە هەیە لەم وڵاتانەدا و ئاشتییەکی کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردووە، ئەمانەش زەمینەیان بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان دروست کردووە. ڕەنگە وڵاتانی دیکە بارودۆخێکی ئاڵۆزیان هەبێت کە کاریگەریان دەبێت لەسەر چۆنیەتی بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆسانە.

*** دوای دەستێوەردانی ئەمەریکا لە هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و عێراقدا، ئەمەریکا هەوڵیدا پرۆسەی بنیادنانی نەتەوە لەم دوو وڵاتەدا جێبەجێ بکات، بەڵام ئەمەریکا پتر تەرکیزی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن دەکردەوە، لە کۆتاییدا شکست بووە چارەنوسی ئەم پرۆسەیە لەو دوو وڵاتەدا، ئایا ئێوە هۆکارەکانی ئەم شکستە بۆچی دەگەڕێننەوە؟**

- پێموایە شتێك کە دەبێت بە ڕوونی دانی پێدا بنرێت ئەوەیە کە ئەم پرۆسەیە چەند ئاڵۆزە لەو وڵاتانەی کە پێکهاتەیەکی ئیتنی ئاڵۆزیان هەیە، کە هەر یەك لەم پێکهاتانە لە هەوڵی ئەوەدان وەك پێویست نوێنەرایەتی سیاسی بکەن لە پرۆسەی حوکمڕانیدا. بۆیە پێویستە تەرکیزی زیاتر لە سەر پرۆسە سیاسییە دیموکراتییەکان بکرێت کە جەخت لەسەر بە نامەرکەزیکردن و دابەشکردنی دەسەڵات دەکەنەوە، نەك کارکردن لەسەر بە مەرکەزیکردنێکی توند و گۆڕینی گەمەکە بۆ هاوکێشەی سەد و سفر، واتە هاوکێشەی براوە و دۆڕاو. تەحەددی پرۆسەی بنادنانی دامەزراوە دیموکراسییەکان بریتییە لەوەی ئەو دامەزراوانە بوار بۆ هەمووان بکەنەوە، بەڵام هێشتا دەرفەتی بژاردەی جیاواز لەبەردەم خەڵکدا فەراهەم بکات، لەبەر ئەوە پێموایە شێوازی حوکمڕانیی نامەرکەزی پشت بە سیستەمی هەڵبژاردنێك دەبەستێت کە لە سەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەڕێوەبچێت، لەبری سیستەمی زۆرینە، لەگەڵ دەستەبەرکردنی دەسەڵاتێکی گەورە بۆ دەسەڵاتی یاسادانان، بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی جێبەجێکردنی تاکڕەو و دیکتاتۆر دروست نەبێت. کەواتە ئەمانە پایەگەلێکی یەکجار گرنگن کە ڕەنگە لە عێراق و ئەفغانستاندا جێبەجێ نەکرابێتن، یان پەرەیان پێنەدرابێت.

*** زۆرجار باس لەوە دەکرێت کە چەند مەرجگەلێکی پێشوەختە هەن کە پێویستە فەراهەم بکرێن بۆ ئەوەی پرۆسەی دیموکراتی پیادە بکرێت، لەم ڕووەوە جەخت لەسەر گرنگی بوونی چینی ناوەند دەکرێتەوە و باس لەوە دەکرێت کە ئەوەی دەبێتەهۆی دروستبوونی ئەم چینە، بریتییە لە سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی و کرانەوەی بازاڕ و سیاسەتی ئابووری بازاڕ، شیکردنەوەی ئێوە بۆ ئەم پرسە چییە؟**

- من لەگەڵ بناغەی پرسیارەکەتاندا هاوڕام کە پەرەپێدانی چینی ناوەند سەردەکێشێت بۆ بەرەوپێشچوونی دیموکراسی، لەبەر ئەوە خەڵکانێکی زۆر هەن کە دەیانەوێت مافی موڵکدارییان پارێزراو بێت، هەروەها گروپەکانی بەرژەوەندی و سەندیکاکان هەن کە دەیانەوێت

**جیهان بە بایەخێکی زۆرەوە لە ئەزموونی کوردستان دەڕوانێت و ئێمە دەزانین کە پرۆسەکە چەند سەختە لە سیاقێکی پڕ لە ناکۆکیدا، بەڵام ئێمە ئومێدەوارین هەرێمەکەتان سەرکەوتوو بێت لە بنیادنانی دامەزراوە دیموکراتییەکاندا و ببێتە بەشێک لە جیهانی دیموکراسی**

**بنەمای شورا لە ناوچەکەی ئێوەدا، واتە بنەمای پرس و ڕا و ڕاوێژکردن و گفتوگۆکردن و سازشکردن و توانای گەیشتن بە بڕیاری هاوبەش دوای تاوتوێکردنی بەدیلە جیاوازەکانە، بە بۆچونی من ئەمە ڕەنگدانەوەی بنەمای دیموکراسییە**

**هەر وڵاتێک کە هەوڵی پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان بدات، ئەوا کارێکی ژیرانە دەکات ئەگەر سیاسەتێکی ئابووری بگرێتەبەر کە تەفزیلی گەشەپێدانی چینی ناوەند بکات**

بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن لە سیستمێکی سیاسیدا کە پێویستە گوێیان لێبگرێت و بە دەم داخوازییەکانیانەوە بچێت، کە ئەمە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی چینی ناوەندا بەدی دەکەین. بەڵام دەبێت ئاماژە بەوەش بکەم کە چەند وڵاتێك هەن ئاستێکی نزمی گەشەی ئابوورییان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرەیان بە سیستمی دیموکراسی داوە، دەتوانن ئاماژە بە چەند وڵاتێکی ئەفریقی بکەین، هەروەها چەند وڵاتێکی باشووری ئاسیا. لەبەر ئەوە دەتوانم بڵێم کە گەشەکردنی چینی ناوەند پێوەندیەکی ئیجابی هەیە لەگەڵ پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا نەبوونی چینێکی ناوەندی گەورە بە مانای ئەوە نایەت کە ئەگەری پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان لە ئارادا نییە، بەڵام بەدڵنیاییەوە پتر ئاڵۆزی دەکات. کەواتە هەر وڵاتێك کە هەوڵی پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان بدات، ئەوا کارێکی ژیرانە دەکات ئەگەر سیاسەتێکی ئابووری بگرێتەبەر کە تەفزیلی گەشەپێدانی چینی ناوەند بکات.

*** هەر کاتێك دەوڵەتانی رۆژئاوا کە دەیانەوێت بەشداری لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەتانی تازەپێگەیشتوو دەکەن، ئەوا هەوڵدەدەن هەمان ئەزموونی خۆیان لەم وڵاتانەدا دووبارە بکەنەوە، لە کاتێکدا واقیعەکە پێمان دەڵێت کە ئەم هەوڵانە دەرئەنجام و بەرهەمێکی ئیجابی لێنەکەوتۆتەوە، کەواتە پێویستە لەم رووەوە چ رێگاچارەیەك بگیرێتەبەر؟**

- با سەرەتا لەو سەرنجەوە دەستپێبکەم کە بنەماکانی دیموکراسی لە زۆرێك لەو کۆمەڵگەیانەدا بەدی دەکرێن کە کۆمەڵگەی رۆژئاوایی نین، بۆ نموونە بنەمای شورا لە ناوچەکەی ئێوەدا، واتە بنەمای پرس و را و راوێژکردن و گفتوگۆکردن و سازشکردن و توانای گەیشتن بە بڕیاری هاوبەش دوای تاوتوێکردنی بەدیلە جیاوازەکانە، بە بۆچونی من ئەمە رەنگدانەوەی بنەمای دیموکراسییە. هەروەها لە باشووری ئەفریقیا بنەمای هۆپلا هەیە کە خەڵکی لە ژێر درەختە گەورەکەی گوندەکەیاندا کۆدەبنەوە و بیروبۆچوونی جیاواز دەگۆڕنەوە و ئازادن لە گوزارشتکردن لە بۆچوونەکانیاندا و دەگەنە بڕیارێك کە کۆدەنگی لەسەر بێت. هەروەها لە ئەسیوبیا پێکهاتەیەکی ئیتنی هەن بە ناوی ئۆرۆمۆ کە ژمارەیان ٤٠ ملیۆن کەس دەبێت و نەریتێکیان هەیە کە بریتییە لە گۆڕینی سەرکردەکەیان هەر ٧ ساڵ جارێك، ئەمەش بەرجەستەبوونی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتە کە لە بنەڕەتدا بنەمایەکی دیموکراتییە. لەبەر ئەوە من پرسیارەکەی ئێوە لە گۆشەیەکی جیاوازەوە دەبینم وەك لەوەی ئێوە دەیخەنەڕوو. من باوەڕم وایە بنەماگەلێکی دیموکراتی زۆر هەن کە لە سروشتی بنەماگەلێکی جیهانین، وەك ئەوەی خەڵکی خواستیان ئەوەیان هەیە کە ئەو کەسانە هەڵبژێرن کە حوکمڕانییان دەکەن و راو و بۆچوونیان هەبێت لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارە گشتییەکان.

بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە هێنانی دامەزراوەیەکی دەرەکی و چاندنی لە وڵاتەکەدا سەرکەوتوو نابێت، لەبەر ئەوەی هەر کەلتوور و هەر کۆمەڵگەیەك جیاوازە لە کۆمەڵگە و کەلتوورەکانی دیکە. بەڵام کۆمەڵە بەهایەکی جیهانی هەن، وەك ئازادی رادەربڕین و ئازادی کۆبوونەوە و ئازادی هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان، ئەمانە بەهاگەلێکی بنەڕەتین کە بناغەی هەر کۆمەڵگەیەکی دیموکراسین لە جیهاندا. پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەمە بەرجەستە دەکرێت لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی دیاریکراودا، کەواتە ئەمە ئەو تەحەددییەیە کە کۆمەڵگە جیاوازەکان رووبەڕووی دەبنەوە. بۆ نموونە لە رۆژئاوادا کاتێك باس لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی حوکمڕانەکان دەکرێت، ئەوا سیستمێك پیادە دەکەین لە —کاتی هەڵبژاردنەکاندا- کە یان براوە دەبیت، یان دۆڕاو، ئەمە لە کاتێکدا لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکانی دیکەدا سیستمی رێژەیی پتر گونجاوە، واتە رەنگە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا ئەو تێڕوانینە گونجاو نەبێت کە پێیوایە دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا تەنیا براوە و دۆڕاو هەبێت. دەکرێت لە پەرلەماندا بواری ئەوە دروست بێت، یاخود پەرلەمان رەنگدانەوەی رێزگرتن بێت لە واقیعەکە، بۆ نموونە دەکرێت لە هەندێ سیاقدا تەرخانکردنی بەشێك لە کورسییەکان بۆ بەساڵاچووانی هۆزەکان کارێکی گونجاو بێت لە هەندێ کۆمەڵگەی غەیرە رۆژئاواییدا. کەواتە ئەمە پرسێکە پەیوەستە بە داڕشتنی دامەزراوەکانەوە کە رێز لە بەها دیموکراتییە بنەڕەتییەکان بگرێت و لە هەمان کاتدا ئەو واقیعە لەبەرچاو بگرێت کە تێیدا دامەزراوەکان پەرەیان پێدراوە، ئەمە گرنگییەکی لە رادەبەدەری هەیە.

*** ئایا تا چ رادەیەك بەهێزیی دامەزراوەکان رۆڵی لە سەرخستنی پرۆسەی بنیادنانی نەتەوەدا هەیە؟**

- ئەوەی لە مەودای دووردا گرنگە بۆ بەهێزبوونی دیموکراسی لە وڵاتێك، بریتییە لە بەهێزبوونی دامەزراوە دیموکراتییەکان. هەروەها بە راستی گرنگە بوونی دامەزراوەکان کە سنوورێك بۆ سەرکردەکان دابنێن و متمانە و باوەڕیان بە دامەزراوەکان هەبێت، نەك بە سەرکردەیەکی دیاریکراو. ئەوەش راستە کە مێژوو ئەوەی خستۆتەڕوو کە سەرکردەگەلی رۆشنگەر هەبوون کە رۆڵی سەرەکییان بینیوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیدا، من نامەوێت بڵێم ئەمە بوونی نەبووە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە بوونی ئەو دامەزراوانەیە کە رەنگدانەوەی بەها دیموکراتییەکان بن و خزمەت بە بەرژەوەندییە دیموکراتییەکان بکەن.


*** دوا وتەتان چییە؟**

جیهان بە بایەخێکی زۆرەوە لە ئەزموونی کوردستان دەڕوانێت و ئێمە دەزانین کە پرۆسەکە چەند سەختە لە سیاقێکی پڕ لە ناکۆکیدا، بەڵام ئێمە ئومێدەوارین هەرێمەکەتان سەرکەوتوو بێت لە بنیادنانی دامەزراوە دیموکراتییەکاندا و ببێتە بەشێك لە جیهانی دیموکراسی.

**پێویستە تەرکیزی زیاتر لە سەر پرۆسە سیاسییە دیموکراتییەکان بکرێت کە جەخت لەسەر بە نامەرکەزیکردن و دابەشکردنی دەسەڵات دەکەنەوە، نەک کارکردن لەسەر بە مەرکەزیکردنێکی توند و گۆڕینی گەمەکە بۆ هاوکێشەی سەد و سفر**

**هەردوو وڵاتی کۆریای باشوور و تایوان، ئابوورییەکیان هەیە پشت بە هەناردەکردن دەبەستێت و توانیویانە بە خێرایی پەرە بە کارگەکانیان بدەن و ئاستێکی بەرزی خوێندەواری و پەروەردە هەیە لەم وڵاتانەدا و ئاشتییەکی کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردووە، ئەمانەش زەمینەیان بۆ پەرەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکان دروست کردووە**

**دامەزراوەکان رۆڵێکی گرنگیان هەیە، لەبەر ئەوەی بێ بوونی دامەزراوەی دیموکراسیی کارا، ناتوانرێت خەونەکانی خەڵک بەدی بهێندرێت**



*** ئایا تاچەند بوونی دامـەزراوەی بەهێز یارمەتیدەرە بـۆ سەرخستی پرۆسـەی دیموکراتـی، یـان تـا چەند بەرەوپێشـەوەچوونی دیموکراتـی دامـەزراوەکان پێوەندییـان بە یەکتـرەوە هەیـە؟**

- دیموکراسـی بریتیـە لـە کۆمەڵـە دامەزراوەیـەك، لـە ئەدەبیاتـی پەیوەسـت بـەم بـوارە بـاس لـە گرنگیـی ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـی رەوا و ئـازاد دەکرێـت، بـەڵام ئەمـە هەبوونـی دەسـەڵاتی شـەرعی لەخۆدەگرێـت بـۆ ئەنجامدانی ئـەو هەڵبژاردنانـە. کەواتـە راسـتە دیموکراسی پەیوەسـتە بـە دامەزراوەکانـەوە، بـەڵام مەسـەلەکە تەنیـا ململانـێ و ئەنجامدانـی هەڵبـژاردن نییـە، راسـتە ئەمانـە گرنگییەکی گەوهەرییان هەیە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات گرنگییەکەیـان کەمتـر دەبێتـەوە و بایەخـی دامەزراوەکانـی دیکـە زیاتـر دەبێـت لـە مومارەسـەکردنی دیموکراسـیدا وەك گروپەکانـی بەرژەوەنـدی و بزووتنـەوە کۆمەڵایەتییـەکان کـە پێویسـتە بواریـان پێبدرێـت و ددانیـان پێدابنرێـت.

*** بـەڵام کاتێـك سـەیری ئەزموونـی بونیادنانـەوەی دەوڵەتانـی رۆژهەڵاتـی ئاسـیا دەکەیـن، بەتایبەتـی وەك ژاپـۆن و کۆریـای باشـوور و تایـوان، دەبینیـن ئـەوان پێشـتر بایەخیـان بـە کرانـەوەی ئابـووری داوە، نـەك کرانـەوەی سیاسـی، ئایـا ئەمـە ئیشـکالیەتێك لـە رووی تیۆرییـەوە دروسـت نـاکات؟**

- ئـەو وڵاتانـەی ئاماژەتـان پێکـردن، وەك ژاپـۆن و تایـوان و کۆریـای باشـوور لـە پێگەیەکـی باشـدا بـوون، مەبەسـتم ئەوەیـە شارسـتانییەت و کەلتوورێـك هەبـوو لـەم وڵاتانـەدا کـە رۆژگارێکـی دوور و درێـژ پێـش بوونـی دیموکراسـی لـە ئارادا بـوون. واتـە ناسـنامەی ئـەم وڵاتانـە چەسـپاو بـوون پێـش ئـەوەی دەسـت بکرێـت بـە گرتنەبـەری هـەر فۆرمێـك لـە دیموکراسـی. پرۆسـەی بنیادنانـی نەتـەوە پرسـێکە پتـر پەیوەسـتە بە ناسـنامە و سـنوور و بوونـی مێژووییەکـی دیـار و جیـاوازەوە، ئەمـە پرۆسـەیەکە کـە لـە پێـش پیادەکردنـی دیموکراسـییەوە روودەدات. بـەڵام ئـەوەی لـە کوردسـتاندا دەگوزەرێـت، پرۆسـەیەکی پێچەوانەیـە، لەبـەر ئـەوە دەبێـت ئێـوە لـە یـەك کاتـدا دەسـت بدەنـە پرۆسـەی بنیادنانـەوەی نەتـەوە و پرۆسـەی بنیادنانـی دیموکراسـی.

*** واتـە بـە بۆچوونـی ئێـوە دامـەزراوەکان مەرجـی پێشـوەختەن بـۆ پرۆسـەی بونیادنانـی نەتـەوە؟**

- لـە راسـتیدا دەکرێـت بـە دامەزراوەییکـردن بریتـی بێـت لـە بنەڕەتـی بنیادنانـی نەتـەوە، لەبـەر ئـەوە تـۆ تەنیـا ناسـنامە بنیـاد نانێیـت، بەڵکـو لـە هەمـان کاتـدا کۆمەڵـە دامەزراوەیـەك بنیـاد دەنێیـت کـە پەیوەسـتن بـەو ناسـنامەیەوە. لێرەدا دەکرێـت ئامـاژە بـە جوولەکـە بکەیـن، جوولەکـەکان بـۆ رۆژگارێکـی دوور و درێـژ نەتـەوە، یـان ناسـنامەیان هەبـووە، بـە بـێ بوونـی هیـچ دامەزراوەیەکـی سیاسـی تایبـەت بـە

### فیلیپ شمیتەر پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# زۆر جار سەركەوتنی پڕۆسەی بونیادنانی نەتەوە پێش سەركەوتنی پڕۆسەی دیموكراتی دەكەوێت

**فیلیپ شمیتەر بڕوانامەی دكتۆرای لە بواری سیاسەتی بەراوردكاری لە زانكۆی كالیفۆڕنیا بەدەست هێناوە و حاڵی حازر وانەبێژە لەبەشی زانستە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان لە پەیمانگای زانكۆی ئەوروپی، لە چەندین پەیمانگا و زانكۆی دیكەش وەك وانەبێژ و توێژەر كاری كردووە. بۆ تیشك خستنە سەر پرس و پڕۆسەی بنیادنانی نەتەوە و گرنگیی دامەزراوەكان بۆ ئەم پڕۆسەیە و بایەخی كرانەوەی ئابووری بۆ دروستبوونی چینی ناوەند، گوڵان دیدارێكی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەكانی دایەوە.**

خۆیان، هەروەها هیچ خاكێكیشیان نەبوو.

*** بەڵام هێزە دەرەكییەكان بایەخی زۆریان بە بونیادنانی دامەزراوە داوە و لە پڕۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە، یان دەوڵەت شكستیان هێناوە، وەك نموونەی هەوڵەكانی ئەمریكا لە عێراق و ئەفغانستان؟**

- لە راستیدا زۆر زەحمەتە هێزە دەرەكییەكان ئیدی ئەمەریكا بن، یان رووسیا بتوانن لە وڵاتانی دیكەدا دەست بدەنە پڕۆسەی بنیادنانی نەتەوە، كەواتە بنیادنانی نەتەوە بە پشتبەستن بە هێزی دەرەكی پڕۆسەیەكی زۆر گرفتئامێزە. ئەگەر پرسیار بكەین بۆچی ئەمە حاڵەتەكەیە؟ ئەوا لەبەر ئەوەیە پڕۆسەی بنیادنانی نەتەوە، بنیادنانی دەوڵەت و بنیادنانی سیستم لە بنەڕەتدا پڕۆسەگەلێكی جیاوازن لەو وڵاتانەی دواتر دەستیان دایە پڕۆسەی بە دیموكراتیزەكردن.

*** لە پیادەكردنی سیستمی لیبڕاڵی دیموكراتیدا، كرانەوەی بازاڕ و سیاسەتی ئابووری بازاڕ گرنگە بۆ دروستبوونی چینی ناوەند، دیارە دروستبوونی چینی ناوەندیش فاكتەری سەرەكییە بۆ پیادەكردن و چەسپاندنی سەروەریی یاسا، ئایا كرانەوەی بازاڕ تا چەند دەبێتە مەرجی پێشوەخت بۆ پڕۆسەی دیموكراتی؟**

- رەنگە پێویست نەبێت بڵێین سەرجەم سیستمە لیبڕاڵییەكان ئەم كارە دەكەن، بەڵكو ئەوەی پێویستە بریتییە لە پاراستنی مافی موڵكدارێتی و ئەو كاتە چینی ناوەندت بۆ دروست دەبێت و چینی ناوەند پەرە بە دیموكراسی دەدات. هەرچەندە لەم رووەوە دەتوانین ئاماژە بە ئەزموونی وڵاتانی ئەمەریكای لاتین بكەین، بۆ نموونە، وڵاتێكی وەك ئەرجەنتین و دواتر چیللی، لەم دوو وڵاتەدا چینێكی ناوەندی گەورە هەبوون و مافی موڵكداریش پارێزراو بوو، بەڵام دیموكراسی بەرهەم نەهات، بەڵكو چینی ناوەند لەم وڵاتانەدا پشتیوانی دیكتاتۆریەتیان كرد، نەك دیموكراسی. هەروەها لە حاڵەتی دەوڵەتە پیترۆڵییەكان، یان ئەو وڵاتانەی داهاتی تاكەكەس تێیاندا زۆر بەرزە، بەڵام چینێكی ناوەندیان نییە، خۆ ئەگەر ئەم چینەش هەبوو، ئەوا بە تەواوەتی پشت بە دەوڵەت دەبەستێت، نەك بە دەستپێشخەری تاكەكەسی. لەبەر ئەوە من وەڵامێكی سادەم نییە، تەنیا ئەوەندە دەڵێم وەڵامێكی سادە هەڵەیە.

*** دوا وتەتان چییە؟**

وەك كەسێكی دەرەكی هاوسۆزییەكی زۆرم هەیە بۆ كورد، ئەمەش لە زۆر رووەوە هاوشێوەی ئەو هاوسۆزییەیە كە زۆرێك لە ئێمە هەیبوو لە ئاست جوولەكەكاندا كە باوەڕمان وابوو شایستەی ئەوەن دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان هەبێت. لەبەر ئەوە ئێمە بە ئومێد و بایەخێكی زۆرەوە لە ئەزموونی ئێوە دەڕوانین.

### تۆماس بریستەکەر پرۆفیسۆری ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ گوڵان:

# پێویستە لە زۆنی شنگندا دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا زیاتر هەماهەنگیی هەواڵگری لەگەڵ یەکتری بکەن

**تۆماس بریستەکەر ئوستادی ئاسایشی نێودەوڵەتییە لە ئامۆژگای دیراساتی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لە ژنێڤ و بڕوانامەی دکتۆرای لە بەشی زانستی سیاسی لە پەیمانگای تەقەنی ماساشۆتس بەدەست هێناوە و حاڵی حازر وانەبێژی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە پەیمانگای ماتسۆن بۆ دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی براون و پێشتریش لە هەمان بواردا لە هەر دوو زانکۆی ساوەزەرن کالیفۆڕنیا و زانکۆی یاڵ وانەبێژ بووە. بۆ تاوتوێکردنی ئامانج و پەیامی تیرۆریستان لە هێرشەکانی ئەم دواییانەیان بۆ سەر بەلجیکا و گرنگی چارەسەرکردنی قەیران و کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ وشککردنی سەرچاوەکانی هەڕەشە و تیرۆر، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە بۆچوونەکانی خستنەڕوو.**

*** لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا تیرۆریستانی داعش بە چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی بارەگای یەکێتی ئەوروپایان لە ناو برۆکسل کردە ئامانج، ئایا هەڵبژاردنی برۆکسل وەك پایتەختی یەکێتی ئەوروپا لەلایەن داعشەوە بۆچی دەگەڕێتەوە و ئایا ئەمە چ پەیامێکی بۆ ئەوروپا هەیە؟**

- ڕەنگە هەڵبژاردنی برۆکسل لە بەشێکیدا هەڵبژاردنێکی ڕەمزی بێت، وەك ئەوەی پایتەختی یەکێتی ئەوروپایە، هەروەها ڕەنگە لەبەر ئەوە کردبێتیانە ئامانج، چونکە ژمارەیەك لە چەکدارە بیانییەکان لە بەلجیکاوە سەرچاوەیان گرتووە و بە ئاسانی دەتوانن تێکەڵی خەڵکە مەحەلییە ئاوێتەنەبووەکان بن.

*** لەگەڵ ئەوەی یەکێتی ئەوروپا و جیهانی ئازاد بە هیچ شێوەیەك دان بە بوونی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی-دا نانێت، بەڵام هەندێ لە چاودێران بەو جۆرە سەیری کردە تیرۆریستییەکانی داعش لە ئەوروپا دەکەن، وەك ئەوەی داعش بیەوێت بیسەلمێنێت هێزێکە و دەیەوێت مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، یان دەیەوێت بە ئەوروپا بڵێت، ئەگەر نیازتانە بە کردەوەی سەربازی داعش لە ناوبەرن، ئەوا داعش لە ماڵەکانتانە، ئایا دەبێت یەکێتی ئەوروپا چ ڕێوشوێنێکی پێویست لەبەرامبەر ئەم پەیامە تازەیەی داعش بگرێتەبەر؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە وەك دەوڵەتێك ئیعتیراف بە داعش بکەیت، ئەگەرچی هەندێ کەس ڕاسپاردەی ئەمەیان کردووە بۆ ئەوەی ئیحتیوا بکرێت، لەبەر ئەوەی هیچ پێوەرێکی هاوچەرخی ددانپێدانانی تێدا بەدی ناکرێت. بە تێپەڕبوونی کات پێوەرەکانی دانپێدانان گۆڕانکارییان بەسەردا دێت، بەڵکو ئەوە کردەوەکانی ڕژێمەکەن کە لەو خاکانەدا ئەنجامیان دەدات کە لە ژێر کۆنترۆڵیدان و دەبنەهۆی ئەوەی نەتوانرێت وەك قەوارەیەکی شەرعی ددانی پێدابنرێت. داعش هەڵگری چەمکێکە بۆ سیستمی جیهانی کە



دژە لەگەڵ ڕۆژئاوای لیبراڵی و بوونی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی هاوبەشدا و لە نێو سنوور و کیشوەرەکاندا. ئەمە چەمکێکە دەربارەی سیستمێکی جیهانی کە لە نێو پانتاییە جوگرافییەکاندا پشت بەیەکتر دەبەستن. هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە کە زۆر زەحمەتە بۆ ئەوروپا شەڕی لەگەڵدا بکات، بە بێ ئەوەی کۆچبەران بە باشی ئاوێتەی کۆمەڵگەکەی بکات. هەروەها ئەوروپا پێویستی بە باشترکردنی گۆڕینەوەی زانیاری هەواڵگرییە لە ناوچەی شنگندا. ناکرێت ئاسایش دەستەبەر بکەیت کاتێك سنورەکان کراوە بن و ناوەندێکی بە مەرکەزیکراو نەبێت بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی هەڕەشە ئەمنییە چاوەڕوانکراوەکان. هەواڵگری دوایین قەڵای سەروەرییە و لە کاتێکدا کە ئەوروپا سنووری کراوەی هەیە، کەچی تۆڕێکی پتەوی کۆکردنەوەی هەواڵگری نییە.

*** ئێستا هێزە گەورەکانی وەك (یەکێتی ئەوروپا، ئەمەریکا، رووسیا) لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستەوەستانن بۆ ئەوەی بتوانن بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆشاییەکی بۆ دروست بووە بۆ ئەوەی بتوانێت تیرۆر لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی دەیەوێت. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە هێزە گەورەکان ستراتیژێکی روونیان بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبێت؟**

- پێویستە ئەولەوییەتەکە چارەسەرکردنی قەیرانی سووریا بێت. ئەگەرچی هەندێ هەنگاوی ئیجابی بەم ئاڕاستەیەدا هەیە، بەڵام ئەمە کاتی دەوێت، رێگای بەرەوپێشچوونیش بە هیچ شێوەیەك روون نییە. دەبێت هەوڵ و هەماهەنگی زیاتر هەبێت لەگەڵ هێزە مەحەلییەکان سەر ئەرزی واقیع بێ بوونی کۆت و بەندەکانی هێڵی سوور کە لە لایەن دەوڵەتە دراوسێکانەوە سەپێندرابێت (وەك تورکیا) و بێ دوورخستنەوەی لایەنە گرنگیپێدەرەکان (وەك ئێران).



## شێری لایزەر

## نووسەر و شارەزای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئیرادەی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکوتکاریدا هۆکارێکە بۆ تێکشکاندنی تیرۆریستان

**شێری لایزەر نووسەر و ڕۆژنامەنووسە و تایبەتمەند و پسپۆڕی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیایە، حاڵی حازر سەرگەرمی توێژینەوەیە لەسەر کۆڵۆنییە فەڕەنسییەکانی پێشووی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو بارودۆخە پڕ لە پشێوییەی باڵی کێشاوە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیشك خستنەسەر ڕۆڵی کورد لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستاندا، گوڵان دیدارێکی لەگەڵدا سازکرد و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** ئەوەی بەدی دەکرێت لە ئێستادا ئەوەیە کە دەتوانین کێشەی بنەڕەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگەڕێندرێتەوە بۆ شێوازی داڕشتنی سنووری دەوڵەتانی ئەم ناوچەیە، کە نەتوانراوە پێکهاتەی ناوچەکە لە سەروەختی دروستکردنی ئەم دەوڵەتانەدا لەبەرچاو بگیرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئەم دەوڵەتانە نەیانتوانی ئەرکەکانی خۆیان ئەدا بکەن و سەرکەوتوو بن، لەم ڕۆژگارەشدا چیتر بواری ئەوە نەماوە بە شێوازی زەبر و زەنگ حوکمڕانی و کۆنترۆڵی خەڵك بکرێت. لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە پێویستمان بە سیستمێکی نوێی دەوڵەت نییە؟**

- ئەمانە پرسیارگەلێکی گەورە و بەپەلەن و منیش هەوڵ دەدەم لە خستنەڕوو و گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانمدا بە ڕوونی تیڕوانینەکانی خۆم بخەمەڕوو. سەرەتا من لە خۆم دەپرسم، ئایا لە

**کوردستان سەرەڕای ئەوەی کێشەی ناوخۆیی خۆی هەیە، دەتوانێت هاوکار بێت لە تێکشکاندنی تیرۆریزم لە سەرتاسەری عێراقدا بەهۆی ئەو گیانی پاڵەوانێتیە کە نەتەوەی کوردی پێناسراوە کاتێک رووبەڕووی سەرکوتکاری دەرەکی دەبێتەوە**

**میلیشیا تایفەگەرییەکان بایەخ بە هێنانەئارای دەوڵەتی نەتەوەیی سەقامگیر نادەن، بەڵکو لە خەمی ئەوەدان مەزهەبەکەیان باڵادەست بکەن بەسەر سەرجەم مەزهەبەکانی دیکەدا و هەوڵی ئەوە دەدەن نکۆڵی لە مافەکانی مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان و گروپە ئاینیەکانی دیکە بکەن. ئێران لە رێی هەڕەشە و گوڕەشەوە بیروباوەڕی شیعەگەری خۆی بەسەر سەرجەم خەڵکی ئێراندا دەسەپێنێت، سعودیەش سەرچاوەی هەڕەشەی دیکەیە بۆ سەقامگیری و لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوئاهەنگە لەگەڵ تورکیادا. ئێمە پێکدادانی بیروباوەڕی ئایینی و بیروباوەڕی عەلمانی بەدی دەکەین**

راستیدا حوکمڕانە دیکتاتۆر و تاکڕەوەکان لە رووی عەمەلییەوە باشتر نین لەو پشێوی و ململانێ تایفەگەرییانەی بە هۆی داڕووخانی دیکتاتۆرەکانەوە دێنەئاراوە؟ سەرباری ئەوەش ناکۆکییە ئیتنییەکان و سەرهەڵدانەوەی میلیتاریزمی ناسیۆنالیستی بە چەشنی ئەوەی لە تورکیا بەدی دەکرێت، هەروەها دەستێوەردانی گەمەکارە نێودەوڵەتییەکان بۆ پشتیوانیی هەردوو لایەنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە ئێستادا دۆخەکە زۆر لە دۆخی کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهان و ئەو رۆژگارەی کە بووە هۆی داڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ئاڵۆزترە. سەرۆکی تورکیا- ئەردۆغان- لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەیەکی تەقلیدی هەڵسوکەوت دەکات. سەربەخۆبوونی دەوڵەتان رێگەخۆش دەکات بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو فراوانخوازییەی لە دوای رۆژگاری کۆلۆنیالییەوە هاتەئاراوە و پەیوەست بوون بە سنوورەکانەوە کە لە سەر بنچینەی یەکڕەنگکردنی ئایینی لە ئارادا بوون، هەروەك ئەوەی لە تورکیا و ئێراندا بەدی کرا. ئەوەی پەیوەست بێت بە رووسیاوە ئەوا ئەم وڵاتە سەرقاڵی فراوانخوازی سنوورەکانیەتی لە ئۆکرانیا و پانتاییەکانی دیکەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها پاڵپشتی هاوپەیمانە تەقلیدیەکانیشی دەکات، وەك ئێران و سووریا. لوبنان ناسەقامگیر بووە بە هۆی شەڕی ناوخۆیی سووریا و پشتیوانی حزبوڵا بۆ خانەوادەی ئەسەد و خەتی عەلەوی/شیعە، کە بە هۆی مەشق و راهێنان و چەکی ئێرانەوە لە پێگەیەکی بەهێزدایە. توندڕەوە سوننەکان بەردەوامن لە کار و چالاکییەکانیان لە باکووری لوبنان و بەنزین دەکەن بەسەر ئاگری هەڵگیرساوی شەڕ لە ناوچە سوننەکانی نزیك لە سنوورەکانی لەگەڵ سوریادا. میلیشیا تایفەگەرییەکان بایەخ بە هێنانەئارای دەوڵەتی نەتەوەیی سەقامگیر نادەن، بەڵکو لە خەمی ئەوەدان مەزهەبەکەیان باڵادەست بکەن بەسەر سەرجەم مەزهەبەکانی دیکەدا و هەوڵی ئەوە دەدەن نکۆڵی لە مافەکانی مەسیحیەکان و ئێزیدیەکان و گروپە ئاینیەکانی دیکە بکەن. ئێران لە رێی هەڕەشە و گوڕەشەوە بیروباوەڕی شیعەگەری خۆی بەسەر سەرجەم خەڵکی ئێراندا دەسەپێنێت، سعودیەش سەرچاوەی هەڕەشەی دیکەیە بۆ سەقامگیری و لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوئاهەنگە لەگەڵ تورکیادا. ئێمە پێکدادانی بیروباوەڕی ئایینی و بیروباوەڕی عەلمانی بەدی دەکەین. بە تێڕوانینی من، جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت گرنگە بۆ هێنانەئارای کۆمەڵگەیەکی فرەیی، چونکە لەگەڵ رووخانی پاشا و دیکتاتۆر و تاکڕەوەکاندا ئەوا حوکمڕانیی گێرەشێوێنەکان دەستپێدەکات، کە ئەمە لە هەر لە بنەڕەتدا سەروەری یاسا نییە، هەروەك ئەوەی لە عێراقدا روویدا کاتێك بە شێوەیەك حکومەتی بەعس و سوپای عێراق هەڵوەشێندرانەوە و هیچ شتێك دانەمەزرێندرا بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دروست بوو. دواتر گەندەڵی هاتەئاراوە. لە راستیدا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە مۆدێلێکی نوێیە بۆ حوکمڕانی کە بنیادنرابێت لەسەر دەستوورێکی هەموارکراو کە تێیدا شەریعە و ئایین لابدرێن، ئەگەرنا لە واقیعدا ئەو دەوڵەتانە دروست دەبن، کە نازناوی دەوڵەتی ئیسلامییان لە خۆیان ناوە و کارەکانیشیان لە پێشێلکاری و کوشتندا چڕکردۆتەوە. هەمان شت راستە بۆ وڵاتانی ئەفریقیا کە تێیاندا میلیشیا ئوسولگەراکان کۆنترۆڵیان گرتۆتەدەست و بە زەبری لوولەی تفەنگ حوکمڕانی دەکەن.

*** لایەنێکی دیکە کە دەتوانین ئاماژەی پێبکەین کە بارودۆخی ناوچەکەی هێندەی دیکە ئاڵۆز کردووە، بوونی ئەو شەڕە ناوخۆییە سنووربڕانەی چەند دەوڵەتێکە کە هەموو ناوچەکەی گرتۆتەوە، هۆکار و ریشەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانەش ئەوەیە هەتا ئێستا ئەو فاکتەرە بە تەواوەتی دەستنیشان نەکراوە کە هۆکاری ئەم شەڕەیە، بەڵکو زیاتر لەگەڵ دەرهاویشتەی شەڕەکە مامەڵە دەکرێت و پەتاکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و چارەسەر ناکرێت، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن ئەم شەڕە کۆتایی دێت، ئەگەر بێتوو سەرچاوەی شەڕەکە وەك خۆی بمێنێتەوە؟**

- لە دوای دەستپێکردنی راپەڕینەکەی سووریا لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠١١دا، کاتێك سەردانی سنوورەکانی نێوان لوبنان و سووریام کرد و گەشتێکم کرد بۆ دۆڵی بیقاع، بارودۆخەکە بە شێوەیەکی ریشەیی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لە رۆژانی پڕ لە سەرمەستی «بەهاری عەرەبی»یەوە بارودۆخەکە بە چەشنێك خراپ بووە کە هەر لایەك شەڕ لە پێناوی دەستکەوتەکانی خۆیدا دەکات. ئاماژە و ئەگەری رووداوی خراپیش بەدی دەکران، کاتێك شایەتحاڵی شەڕی خوێناوی نێوان لایەنەکان بووین کە بووە هۆی لە ناوبردنی «بەهاری عەرەبی» لە لیبیای دوای رووخان دەسەڵاتی قەزافی، هەروەها بە هۆی هەڵکشانی دەسەڵاتی سوپا لە میسردا. بەهاری عەرەبی لە بری بەدەستهێنانی

دیموکراسی و سەقامگیری تێکشکان و خوێنڕێژی بەدوای خۆیدا هێنا و هێزە ڕۆژئاواییەکان نەیانتوانی لە کەلتووری کەرامەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێبگەن. ئەوەندەی پەیوەست بێت بە سووریاوە، بەشار ئەسەد ئامادە نەبوو خانەوادەی ئەسەد و ناو و دەستکەوتەکانی باوکی شەرمەزار بکات، بەوەی دەستبەردار بێت و پەنا نەباتە بەر بەکارهێنانی هێز. بەو پێیە خانەوادەکە بە هۆی پەنابردنەبەر هێزەوە مانەوە و لەبەر ئەوەی ترسی هەبوو لە ئایندەیەکی نادیار، ئەوا گومانی هەڵنەدەگرت کە پەنا دەباتەبەر هێز لە بەرامبەر هەر بەرهەڵستییەکدا، لەبەر ئەوە شەڕەکە بەردەوامە. ئەسەد لەوەدا بە هەڵەدا نەچوو کە لە سەرەتادا ڕایگەیاند ئەوە هێزە دەرەکییەکانن هەوڵی دەست بە سەرداگرتنی وڵاتەکەی دەدەن. هێشتا ئەمە هەر ڕاستە. هێزە دیموکراتییەکانی نێو سووریا هاوشانی گروپە میلیشیا ئوسوڵگەراکان نەبوون، کە گروپگەلێکی دڵڕەق بوون و پشتیان بە هێنانەڕیزی چەکدارە بیانییەکان و کەڵکوەرگرتن لە کێڵگە نەوتییەکان دەبەست، ئامانجی شەڕەکە بریتی بوو لە هەوڵدان بۆ کۆتاییهێنان بە مەحسووبییەت و دەستبەسەرداگرتنی سەروەت و سامان و سەرچاوەکانی وڵاتەکە لە لایەن نوخبەی عەلەوی و دەوروبەری خانەوادەی ئەسەد، هەموو جۆرە شەڕانگێزەکان ئازادکران بۆ شەڕکردن لە دژی ڕژێمەکە و شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا. سووریا پێویستی بە بونیادنانەوەی ناوخۆیی هەبوو، بەڵام شەڕەکە تراژیدیایەکی مرۆیی بێ پێشینەی هێنایەئاراوە، ئەمە سەرباری ئەوەی قەیرانی پەنابەران لە ناوچەکەدا و ئەو پەنابەرانەی ڕوودەکەنە ئەورووپا بەردەوامە و ئەورووپاش دالدەیەکی ساختەیە و تەنیا کەسە بە هێزەکان دەتوانن لە ئەورووپا ئیدارە بکەن، ئەمە ئەگەر توانییان بگەنە ئەورووپا.

*** واقیعێك لە ئارادایە ئەویش ئەوەیە کە چەند بارودۆخی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆزتر بێت و چەند هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش، ڕۆژانە چەکدارانی داعش بکوژێت، بەڵام هێندەی دیکە جیهادییەکان دینە ناو ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، هەروەك چۆن داعش ئێستا لە ٢٠١٤ بەهێزترە، ئایا لە ئێستادا کە ئەمە واقیعەکە بێت، سیاسەتی ئیحتیواکردنی تیرۆریستان چۆن سەرکەوتوو دەبێت؟**

- پێویستە چارەسەرێك بۆ پرسی هێنانەڕیزی ئەندامی نوێ بۆ گروپە تیرۆریستان لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە بدۆزرێتەوە کە خزمەت بە ڕاڤەکردنێکی توندڕەوانە بۆ چەمکی جیهاد دەکات. واتە حکومەت و تویتەر و فەیسبووك دەتوانن کۆنترۆڵی ناوەڕۆکی وێبسایتەکانیان بکەن و دایانبخەن. ڕاپۆرتەکانی ئەم هەفتەیە ئەوەیان خستەڕوو کە چەند ئەکاوەنتێك هەبوون و لەلای داعشەوە بەکارهێنراون، بەڵام ئاشکرایە کە ئەم کۆنترۆڵکردنەش کارێکی ئاسان نییە. هەرچۆنێك بێت تویتەر بانگەشەی ئەوە دەکات کە زیاتر لە ١٢٥ هەزار ئەکاوەنتی پەیوەست بە دەوڵەتی ئیسلامی و گروپە تیرۆریستییەکانی دیکەیان داخستووە، بەرپرسانی فەیسبووك-یش هەوڵدەدەن هەمان ئەو کارە بکەن. ماکینەی پڕوپاگەندەی داعش سەرنجی ئەو توندڕەوانە ڕادەکێشێت کە پابەند نابن بە یاساوە و خۆیان بە شەڕکەرێکی پاڵەوان دەزانن، واقیعەکە زۆر کەسی دووچار شۆك کردووە، ئەوانەی نەوەی گەمەکان بوون و کلیکێك لای ئەوان ئاگری چەکێك بوو. زۆرێکیان دەچنە ناویان و پاشەکشە دەکەن، بەڵام ژمارەیەکی زۆریشیان پێوەندییان پێوە دەکەن. هەروەها هەر کاتێك پێوەندییان پێوەکردن، ئەوا وازهێنان ئاسان نابێت، چونکە دیسپلینی ناوخۆیی زۆر توندوتۆڵە و تەنانەت دەگاتە کوشتنیش. جگە لە کاریگەری پڕوپاگەندەی داعش، سنوورە فشۆڵەکانیش ڕۆڵی گەورەیان بینیوە کە بوونەتە هۆی ئەوەی شەڕکەرە بیانییەکان بتوانن بەئاسانی تێپەڕن. دەکرێت ئەو خاڵانەی پەڕینەوە کۆنترۆڵ بکرێن و بەتایبەتی پەردە لە سەر دووڕوویی تورکیا لابدرێت. پرسیاری زۆر هەیە کە دەبێت تورکیا وەڵامیان بداتەوە. تورکیا شوێنی ئەنجامدانی کۆبونەوەی گەورەی لایەنگرانی ڕێکخراوی توندڕەوەی حزبولتەحریر بوو، کە گروپێکی ئوسوڵگەرای هاوشێوەی داعشە و داوای دامەزراندنی خەلافەت دەکات. باس لەوە دەکرێت کە کۆنفرانسەکە لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەنجامدرا «خەلافەت: خەیاڵ یان واقیعێك کە بەم زووانە دێتەدی» و تێیدا ڕایانگەیاند «٩٢ ساڵ دوای ئەوەی خەلافەتی ئیسلامی هەڵوەشێندرایەوە، ئێمە هاوار دەکەین و لە نزیك پەرلەمانەوە خەلافەت دادەمەزرێنینەوە.»

*** لە ناو ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەی کە باڵی کێشاوە بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە کورد تەنیا نەتەوەیە کە توانیویەتی لە سەر زەوی شەڕی تیرۆریستانی داعش بکات و ڕووبەڕوویان بێتەوە، هەروەها هەتا ئێستاش نەبۆتە بەشێك لە کێشە و ململانێی نێوان سوننە و شیعە، ئایا تا چەند هاوکاری و پشتگیری کورد بۆ ئەم**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێویستی بە مۆدێلێکی نوێیە بۆ حوکمڕانی کە بنیادنرابێت لەسەر دەستوورێکی هەموارکراو کە تێیدا شەریعە و ئایین لابدرێن، ئەگەرنا لە واقیعدا ئەو دەوڵەتانە دروست دەبن، کە نازناوی دەوڵەتی ئیسلامییان لە خۆیان ناوە و کارەکانیشیان لە پێشێلکاری و کوشتندا چڕکردۆتەوە، هەمان شت ڕاستە بۆ وڵاتانی ئەفریقیا کە تێیاندا میلیشیا ئوسوڵگەراکان کۆنترۆڵیان گرتۆتەدەست و بە زەبری لوولەی تفەنگ حوکمڕانی دەکەن**

**لە ڕۆژانی پڕ لە سەرمەستی «بەهاری عەرەبی»یەوە بارودۆخەکە بە چەشنێک خراپ بووە کە هەر لایەک شەڕ لە پێناوی دەستکەوتەکانی خۆیدا دەکات. ئاماژە و ئەگەری ڕووداوی خراپیش بەدی دەکران، کاتێک شایەتحاڵی شەڕی خوێناوی نێوان لایەنەکان بووین کە بووە هۆی لە ناوبردنی «بەهاری عەرەبی» لە لیبیای دوای ڕووخان دەسەڵاتی قەزافی**

**شەڕە گرنگە بۆ ئەوەی دەروازەیەك بۆ تێكشكاندنی تیرۆریستان و كۆتایهاتنی ئەو شەڕە بدۆزرێتەوە؟**

- پێویستە هەوڵ و كۆششی زیاتر بخرێتەگەڕ لە كوردستان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ چوونی گەنجان لە رێی مزگەوت و لە رێی ئەنتەرنێتەوە بۆ نێو گروپە سوننە توندڕەوەكان دابنرێت. هەروەها گەندەڵی ناوخۆیی كاریگەری هەیە لەسەر كەسانی ئاسایی و مەدەنی لە كوردستان كە بێبەشكراون لە بەشی خۆیان. پێوەندییەكان لەگەڵ بەغدا كاریگەری جددییان لەسەر كرێكاران كردووە و لەم ساتەوەختەدا كە ئێمە ئەم دیدارە دەكەین، پێشمەرگەش چەندین مانگە مووچەیان وەرنەگرتووە، بە لای منەوە ئەمە جێی داخێكی گەورەیە كە دەبینم پێشمەرگە بۆ ماوەی چوار دەیەیە قوربانیەكی زۆر دەدات، بەڵام كوردستان سەرەڕای ئەوەی كێشەی ناوخۆیی خۆی هەیە، دەتوانێت هاوكار بێت لە تێكشكاندنی تیرۆریزم لە سەرتاسەری عێراقدا بەهۆی ئەو گیانی پاڵەوانێتیە كە نەتەوەی كوردی پێناسراوە كاتێك رووبەڕووی سەركوتكاری دەرەكی دەبێتەوە. رێگەكردنەوەی زیاتر بۆ ئێران و توركیاش بۆی هەیە سەربكێشێت بۆ مەترسیی زیاتر لە ئایندەدا.

*** لە سەدەی ١٦هەمەوە كە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هاتۆتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دیاردەیەك لە ناوچەكە دروست بووە كە دەبینین دەوڵەتانی ناوچەكە چیتر توانای چارەسەركردنی كێشەكانیان نییە، هەر لەبەر ئەمەش هەموو كات هێزێكی گەورە و لایەنی سێیەم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا رۆڵی هەبووە بۆ ئەوەی كێشەكان خاوبكاتەوە و رێگە نەدات شەڕ دروست بێت، لەم حاڵەتەدا كە هێزێكی گەورەی وەك ئەمەریكا خۆی دوورخستۆتەوە، تا چەند ئەم خۆدوورخستنەوەیە بارودۆخەكە بەرەو ئاڵۆزی و خراپبوونی زیاتر دەبات؟**

- بە بێ بوونی هێزی ئاسمانی ئەمەریكا ئەگەری ئەوە هەبوو ئێستا كوردستان و عێراقیش بكەوتایەتە ژێر دەستی داعشەوە. بەڵام تاكەی ئەمەریكا دەتوانێت پارێزگاری لە عێراق بكات؟ یەكەمجار جۆرج بۆشی باوك بوو كە هاوسەنگییەكەی تێكدا، بە داگیركردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا پتر ئەو وڵاتە دووچاری وێرانكاری بوو. من ژیاننامەی باراك ئۆباما-م خوێندۆتەوە، ئەو كەسێكە پەروەردەی دوو كەلتووری جیاواز و رەچەڵەكێكی تێكەڵی هەیە. ناكرێت كێشەكانی دەزگای هەواڵگری، نوخبە موحافیزكارە نوێیەكان و كەلتووری سەربازی و لۆبی كۆمارییەكان و توندڕەوەكانی ئەوپەڕی راستڕەوەكان و مەسیحیە سەرسەختەكان و هاوسۆزەكانی گروپی كلۆ كلەكس كلان، بخرێنە ئەستۆی ئۆباما. ئەوە ئەوانەی پشت پەردەوەن كە زیاتر لە سەرۆك سیاسەتی دەرەكی دیاری دەكەن. لەو زیانە روو لە زیادانە بڕوانە كە لە سووریا روودەدات لە دوای دەستێوەردانی رووسیاوە. كاتێك ژمارەیەكی زۆری گەمەكارە نێودەوڵەتییەكان و دەوڵەتە دراوسێكان دەستێوەردان دەكەن، ئەوا مەترسی بۆ سەر سەقامگیری زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوەی هەر گەمەكارێك ئامانجی خۆی هەیە. چیتر ئەو دەستەواژە كۆنە مانای نەماوە كە دەڵێت: «ئەمە پرسێكە و پەیوەستە بە ئاسایشی ناوخۆییەوە.» مەترسیدارترین كێشە كە رووبەڕووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتەوە، بریتییە لە توندڕەویی ئایینی و دابەشبوونی تایفەگەریی روو لە زیاد و تێكەڵكردنی ئایین و سیاسەت كە لێكدژە لەگەڵ فرەیی و دیموكراسیدا. هەر كاتێك مرۆڤیش دژی سروشت و یاسا سروشتییەكان ژیانی بەسەر برد، بونیادی كۆمەڵایەتی دادەڕووخێت، بە چەشنێك كەس ناتوانێت بنیادی بنێتەوە. كاتێك دەوڵەتێك خۆی بە گرنگتر دەزانێت لە تاكە كەسەكان ئەو كاتە هۆكاری بوونی خۆیان لە ناو بردووە. تاكە كەسەكان بۆ ئەوە دروست نەبوون خزمەت بە دەوڵەت بكەن، بەڵكو دەبێت دەوڵەت خزمەت بە تاكەكان بكات. بە راستی زۆرێك لە سیاسەتمەدارانی ئەمەریكا هۆشیارییان نیە بەرامبەر كەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تەنیا ئەگەر لە دەرەوەی كەلتووری خۆیان ژیابێتن، ئەگەرنا ناتوانن هەنگاوی پێویست هەڵبگرن و بونیادی كەلتووری خۆیان بسەپێنن. ئەگەر ئەم جۆرە كەسانە دەسەڵات بگرنەدەست، ئەوا كەس نایەوێت دەستێوەردان بكات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دەقاودەق ئەمە روویدا لەگەڵ جۆرج بۆشی كوڕ و تێڕوانینە بێماناكەی دەربارەی «میحوەری شەڕ». هەر شتێك كە لە خۆی و بەهاكانی جیاواز بووایە، ئەوا ئەو بە سەرچاوەی هەڕەشەی دادەنا. ئەو لە عێراقدا سەرنەكەوت و كردەوەی سەربازیش ناتوانێت ئەو زیانانە بگەڕێنێتەوە.

*** هێزەكانی هاوپەیمانی ناتۆ توانییان لە بۆسنە دەستێوەردان بكەن و شەڕی ناوخۆیی لەو وڵاتەدا كۆتایی پێبهێنن و پاشانیش بە شێوەیەكی لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاو بكشێنەوە، بەڵام ئەمەریكا ئەزموونی ناتۆی لە بۆسنە لەبەرچاو نەگرت و كاتێك لە ساڵی ٢٠١١ بە تەواوەتی لە عێراق كشایەوە،**

**بەهاری عەرەبی لە بری بەدەستهێنانی دیموكراسی و سەقامگیری تێكشكان و خوێنڕێژی بەدوای خۆیدا هێنا و هێزە رۆژئاواییەكان نەیانتوانی لە كەلتووری كەرامەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا تێبگەن**

**قەیرانی پەنابەران لە ناوچەكەدا و ئەو پەنابەرانەی رووەدەكەنە ئەورووپا بەردەوامە و ئەورووپاش داڵدەیەكی ساختەیە و تەنیا كەسە بەهێزەكان دەتوانن لە ئەورووپا ئیدارە بكەن، ئەمە ئەگەر توانییان بگەنە ئەورووپا**

**پێویستە چارەسەرێك بۆ پرسی هێنانەرێزی ئەندامی نوێ بۆ گروپە تیرۆریستان لە رێی ئەنتەرنێتەوە بدۆزرێتەوە كە خزمەت بە راڤەكردنێكی توندڕەوانە بۆ چەمكی جیهاد دەكات**

**بووە هۆكار بۆ هەڵگیرسانی شەڕێكی ناوخۆیی و خوێناوی لە نێوان سوننە و شیعە و سەرهەڵدانی داعش و دامەزراندنی خەلافەت لە سووریا و عێراق، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئیدارەی ئۆباما هەر لە سەرەتاوە نەیتوانی كۆنترۆڵی بارودۆخەكە بكات؟**

- هەروەك لە سەرەوە ئاماژەم پێكرد، من ئۆباڵەكە دەخەمە ئەستۆی ئیدارەی بۆش، نەك ئۆباما. ئەو هەرچی لەدەستی هات، كردی، بەڵام زۆر درەنگ بوو. ئەلقاعیدە لە عێراقدا نارەزابوونی سوننەكانی لە دوای گۆڕانی رژێمەوە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەكار هێنا بۆ برەودان بە تیرۆریزمی سوننە و دواتر تیرۆریزمی شیعە. جۆرج بۆشی كوڕ و حكومەتەكەی بلێر لە بەریتانیا كەڵكی خراپیان لە تراژیدیا مرۆییەكەی ٩/١١ وەرگرت بۆ داگیركردنی عێراق و رووخاندنی دۆست و هاوپەیمانەكەی پێشوویان. دەكرێت ئەوان بە راستی باوەڕیان وابووبێت كە عێراق بە بێ ئەو دەبێتە وڵاتێكی باشتر، هەروەك ئەمە باوەڕی كورد و سەرجەم قوربانییەكانی بوو. بەداخەوە دەسەڵاتی دیكتاتۆر و كەسانی دەروبەری لە ناوبران، تەنیا بۆ ئەوەی هەزاران دیكتاتۆر ئەو بۆشاییە پڕبكەنەوە. عێراق دەوڵەتێكە كە تێكەڵێكی ناسروشتیە و سنوورەكانیشی ناسروشتین. هێشتا دەكرا پشێوییەكە دەرئەنجامی ئیجابی لێبكەوتایەتەوە، ئەگەر بهاتایە كێشانەوەی هێڵەكانی نەخشەكە بە شێوەیەك بووایە كە خزمەتی بە نەتەوەكانی عێراق بكردایە. بۆسنیا حاڵەتێكی جیاواز بوو، ژمارەیەكی كەمی بەكرێگیراوە نێودەوڵەتییەكان لە ئارادا بوون. بەڵام دەوڵەتە نەتەوەییەكان هیچ مانایەكی نییە بۆ شەڕكەرانی داعش و چەمكی خەلافەت بە چەشنی كۆمۆنیزم چەمكێكی میسالییە و تاكە كەسەكان ناسنامەی خۆیان لە دەست دەدەن لە پێناوی درەندەیەكی بێ روخساردا.

*** ئێستا مەترسی پەڕینەوە و پەلێكشان و پەرش و بڵاوبوونەوەی پریشكی شەڕە ناوخۆییەكان هەموو ناوچەكانی لە عێراقەوە بۆ سووریا و لوبنان و میسر و لیبیا و یەمەن گرتۆتەوە، هەروەها كۆمەڵێك دەستێوەردانی دەوڵەتانی ئیقلیمی دروست بوون و هاتوونەتەئاراوە كە لە هەر شوێنێك لەم ناوچانە گرووپێك بە وەكالەتی هێزێكی ئیقلیمی شەڕی ئەوی دیكە دەكات. ئایا تا چەند ئەم حاڵەتە مەترسیی شەڕێكی ئیقلیمی گەورە و خوێناوی لێدەكرێت؟**

لە سەرەتی بەهاری عەرەبیدا، ئەو كەشە كە دروست بوو، بووە هۆی ئەوەی یاخیبووان هەوڵیان دا گۆڕانكاری لە رژێمەكانی سووریا و میسر و تونس و جەزائیر و شوێنەكانی دیكە بهێننەدی، ئەمەش كاریگەری پێچەوانەی هەبوو، كە بووە هۆی بەهێزكردنی ئوسوڵگەرا ئیسلامییەكان و میلیتاریزمی دواكەوتووخواز. مەغریب وەك ئەردەن پاشانشینە، بەڵام ئەمە مانای وا نییە لە ئاست گرووپە تیرۆریستە سوننەكاندا پارێزبەندییان هەیە. لوبنان كە باجێكی زۆر گەورەی داوە لە شەڕی ناوخۆدا و هەوڵ دەدات هاوسەنگی لایەنە تایفەگەرییەكان بهێنێتەدی. یەمەن بۆتە نێچیری كاراكتەرە نێودەوڵەتییەكان كە بۆ پشتیوانی هەر لایەنێك دەستێوەردان دەكەن لە ململانێ تایفەگەرییە گەورەكەدا. تاكە چارەسەریش بریتییە لە لێبوردەیی نێوان شیعە و سوننە و بە دانپێدانان بە مێژووی ئایینیەكەیان كە سەری كێشا بۆ جیاوازی لە تێڕوانینەكانیاندا. بۆچی ناكرێت دان بە جیاوازییەكاندا بنرێت لە پێناوی خوای بەتوانا و بەدەسەڵاتدا؟ ئەی چی دەربارەی ئیسرائیل و فەلەستینیەكان، ئەو ناكۆكییەی بە بەردەوامی و بێڕەحمی دراوسێكانی تێكشكاندووە، نەوە بە نەوە گیانی خەڵكی لە ناو بردووە، دیوارەكە درێژتر و بەرزتر دەبێتەوە، كەسانی نێو كۆمەڵگە جوولەكەنشینەكان چەكدار كراون، چەقۆی بكوژەكان كە دەچەقێتە گۆشتی بێتاوانەكان دەبێتە سیمبۆڵ و چیتر وەك مرۆڤ لێیان ناڕوانرێت. حزبوڵا فەلەستینییە سوننەكان بەكار دەهێنێت لە پێناو ئامانجێكی هاوبەشدا بۆ لە ناوبردنی ئیسرائیل، لەبەر ئەوە پێویستە بەسەر دابەشبوونە تایفەگەرییەكەدا زاڵ بن. دەبێت لە بری لە ناوبردنی گەلێكی دیكە، ئامانجێكی ئیجابیتر بدۆزرێتەوە لە پێناوی رزگاركردنی مرۆییدا. گەلی جوولەكە دووچاری هۆلۆكۆست بۆوە كە گەورەترین تراژیدیا بوو شایەتحاڵی بوویێتین. زۆرێك لە جوولەكەكان زایۆنیزم رەتدەكەنەوە و پێداگیری لەسەر مافی فەلەستینییەكان دەكەن، ئەویش لەسەر بنەمای پەیوەستبوونی جوگرافیایان بە رۆژهەڵاتی نزیكەوە. هەموو كوردێك عەرەبەكان بە دوژمن نازانن. ئوسوڵگەرایی و سەختگیری كێشەن. تەنیا رێزگرتن لە جیاوازییەكان و فڕێدانی چەك و چەكە كۆمەڵكوژەكان دەتوانن ئاشتی جیهانی بهێننەئاراوە، جۆن لێنۆنی گۆرانیبێژ نووسیویەتی: «وێنای ئەوە بكەن كە سەرجەم خەڵكی لە ئاشتیدا بژین.» بەڵام بۆ رۆحڕەشەكانی نێو ئێمە ئاشتی دەستەواژەیەكی پۆخڵە و توندوتیژی دەبێت باڵادەست بێت و ئەمەش سەری كێشاوە بۆ ئێش و ئازارێكی نەبڕاوە.

**پێویستە هەوڵ و كۆششی زیاتر بخرێتەگەڕ لە كوردستان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ چوونی گەنجان لە رێی مزگەوت و لە رێی ئەنتەرنێتەوە بۆ نێو گرووپە سوننە توندڕەوەكان دابنرێت**

**مەترسیدارترین كێشە كە رووبەرووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتەوە، بریتییە لە توندڕەویی ئایینی و دابەشبوونی تایفەگەری روو لە زیاد و تێكەڵكردنی ئایین و سیاسەت كە لێكدژە لەگەڵ فرەیی و دیموكراسیدا**

**رۆحڕەشەكانی نێو ئێمە ئاشتی دەستەواژەیەكی پۆخڵە و توندوتیژی دەبێت باڵادەست بێت و ئەمەش سەری كێشاوە بۆ ئێش و ئازارێكی نەبڕاوە**